# ریفراندۆم زۆرێک لە ماسکەکانی خست

رۆژانی دوای ٢٥ی ئەیلوول و رووداوەکانی دوای ١٦ ئۆکتۆبەری ئەمساڵ زۆر شتی شاراوەی ناخی زۆرێك لە بەرپرسانی ناوخۆ و عێراقی خستەڕوو، کە زەمانێکە ئەو بەرپەرسانە پەردەپۆشیان کردووەو لە بەر زۆر هۆکاری خودی و بابەتی نەیاندرکاندووە، لەوانەش بۆ نموونە:

یەکەم: دەرکەوت بڕوایان بە دەستوور نییە، کەچی سەری زمان و بنی زمانیان باسی دەستوورە، ئەوان تەنیا ئەو ماددانەیان قەبووڵە کە لە بەرژەوەندیی خۆیانە، کەچی زۆر ماددەی دیکە هەن، ئەوان دژی دەوەستنەوە بۆ نموونە:

١- ئەم ناوچەیەی ئێمە لە دەستووردا ناوی هەرێمی کوردستانە کەچی حەیدەر عەبادی لەناو پەرلەمان و لەنێو پەرلەمانتاراندا دەڵێت: هەرێمی باکووری عێراق، ئەمە لەکاتێکدا تەنانەت سەددام حوسێنی سەرۆکی ئەوسای عێراقیش قسەی وای نەدەکرد، چونکە ئەو دەیگوت: ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

٢- دەستوور دەڵێت: حکومەتی ئیتیحادی، چونکە عێراق فیدراڵییە، کەچی ئەوان دەڵێن: حکومەتی مەرکەزی، کە حکومەتیش مەرکەزی بوو واتە هەرێمی کوردستانیش دەبێتە لامەرکەزی، یان ئۆتۆنۆمی.

دووەم: رووداوەکان دەریانخست کە زمانی زبر و ناخێکی پڕ لە قین هەیە لای زۆرینەی عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەوە دژ بە کورد وەك نەتەوە و، دژ بە کوردستان وەك هەرێم و خاك.

سێیەم: رووداوەکانی کەرکووك رووی راستەقینەی زۆر لایەنی دەرخست، وەك بەرەی تورکمانی کە زیاتر لە حەشدی شەعبی دژ بە ئاڵای کوردستان و سیمبوڵەکانی کوردستان وەستانەوەو، زیاتر لە حەشدو سوپای عێراق دڵخۆشتر بوون بە کەوتنی کەرکووك و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی شوێن و پێگەو پۆستەکانی کورد.

چوارەم: رووداوەکان دەبڵ ستانداردی زلهێزەکانی زیاتر خستەڕوو، کاتێك ئەوان گڵۆپی سەوزیان بۆ عێراق هەڵکردو خۆیان بێدەنگ کرد لە ئاست ئەو کارەساتەی بەسەر کورددا هات، زیانی ئەم هەڵوێستەشیان لە داهاتوودا بۆ دەردەکەوێت کە چ هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەیان کردووە.

پێنجەم: رووداوەکان رووی راستەقینەی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانەشی دەرخست کە هەڕەشەی داخستنی سنوور و برسیکردنیان لەگەڵی موسڵمانی کورد کرد، ئەمە لە کاتێکدا هەر



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەك لە تورکیا و ئێران دەیانگوت ئابلۆقەی ئابووری سەر غەززە و قەتەر ناشەرعییە، کەچی گەمارۆی ئابووری سەر کوردی موسڵمان ئاساییە.

شەشەم: رووداوەکان رووی راستەقینەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی دەرخست کە ئەوان لەبیری خۆیان بردەوە کە دەستووری عێراق دەڵێت: عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، نەك دەوڵەتێکی عەرەبی.

حەوتەم: رووداوەکان پەردەی لەسەر رووی ئەنجومەنی هاوکاری ئیسلامی هەڵماڵی کاتێك دەوڵەتە ئیسلامییەکان پشتیان لە چل ملیۆن کوردی نەوەی سەلاحەددینی ئەیووبی کردو پشتگیریی سنوورە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ-یان کرد.

هەشتەم: رووداوەکان ماسکی لەسەر رووی راستەقینەی ئەزهەری بەناو شەریفی لادا، کاتێك ئامادە نەبوو رێز لە رای گشتی و زۆرینەی گەلی کوردستان بگرێت و ئەویش کەوتەوە داوی ئاوازی عروبەو عەرەبایەتیکردن و وەك بڵێی زمانحاڵی وەزارەتی دەرەوەی میسر بێت، نەك بڵندگۆیەك بۆ موسڵمانان.

نۆیەم: عێراق لە پێناوی چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان لە رۆژانی دوای ریفراندۆمەوە هات ژێرنووسێکی بە کوردی بۆ کەناڵی ئەلعیراقییە زیاد کردو رۆژانەش تەنیا دە خولەکی هەواڵەکانی ئێواران بە کوردی و پاشان تەنیا دوو سەعات بە زمانی کوردی لە یەکێك لە کەناڵەکانی سەر بە ئەلعێراقییەوە زیاد کرد، وەك بڵێی تازە بە تازە لە زەمانی حوکمی زاتیی سەددام حوسێندا بین و، ئەوەندە مافە بەکورد رەوا ببینێت.

دەیەم: عێراق لەپەنای هێزی سەربازیدا گەڕاوەتەوە بۆ حوکمی عەسکەری و هاتووە هەردوو کەناڵی (کوردستان٢٤ و رووداو)ی قەدەغە کردووە لەکارکردن لە تەواوی عێراقدا، بەوەش نەوەستاوە دەڕوات لە میسرەوە لەسەر مانگی دەستکردی نایلساتیش قەدەغەی پەخشیان بکات.

ئێستا ئیدی کاتی بەخۆداچوونەوەیە بۆ ئێمەی گەلی کوردستان پاش ئەوەی سەر لەنوێ دۆست و دوژمن و یارو نەیاری خۆمان ناسی، ئێستا کاتی خۆڕاگری و ئارامگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و بنیادنانەوەی ژێرخان و سەرخانی وڵاتی خۆمانە، بە سیاسەتی نەفەسی درێژ و ئومێد و بڕوابوون بەخۆ و بەئیرادەی گەلی خۆمانەوە.


الإمام الخامنئي




# هەڕەشەی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران له پرۆگرامه نیوکلیارییەکەی ترسناکتره

**ئەفسەرانی هەواڵگری سوپای ئەمریکا لە عێراقدا، پێشتر دراوەتەوە، بەوەی باشترین هێزی عێراقی کە ئەمریکا وەک هێزێکی نیشتمانی گرەوی لەسەر دەکردن، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و دژە تیرۆر بووە، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەم هێزانە پێش ئەوەی حەشدی شەعبی دابمەزرێت کراون بە هێزێکی تائیفی و ناسنامەی نیشتمانیان لێ داماڵدراوە**

**داواکاری ئەمریکا لە حەیدەر عەبادی بۆ ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنتەوە، داواکارییەکی جددییە و لە هەمانکاتیشدا ئەمریکا باشیش دەزانێت حەیدەر عەبادی ئەو دەسەڵاتەی بەسەر حەشدی شەعبیدا نییە کە ئەو بڕیارە بۆ هەڵوەشانەوەیان بدات**

لەوانەیە جوانترین پێناسە بۆ شێوازی کارکردنی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتانی دەورووبەری بەتایبەتی، ئەو دەستنیشانکردنە بێت کە ژەنراڵ عومەر کارمی توێژەری سەرەکی لەگەڵ سوپای بەرگری ئیسرائیل کردوویەتی کە دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتی ئێران گەمەکارێکی هەلپەرست و (Opportu-nistic) بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك گەمەکارێکی ئیقلیمی بێت و راستەوخۆ بیەوێت ستراتیژیەتێك دژ بە وڵاتێکی دیاریکراو جێبەجێ بکات. ستراتیژیەتی گەورەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بۆ ئەمەش بەدوای بۆشایی دەسەڵات لە وڵاتانی لاواز و لەرزۆکدا دەگەڕێت و هەوڵدەدات کێشە تائیفییەکان بتەقێنێتەوە بۆ ئەوەی نفووزی خۆی لەو وڵاتانەدا فراوان بکات، لەمەش زیاتر شیعەی وڵاتانی دیکە وەك میلیشیای وەکیلی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ تێکدانی سەقامگیری لە وڵاتانی دیکە، هەر بۆیە ئێران شیعیزمی کردۆتە ئامێرێك بۆ ئەوەی سەرنجی شیعەی وڵاتانی دیکەی پێ رابکێشێت و خۆی بەو جۆرە نمایش دەکات کە لە هەر وڵاتیکدا شیعە لەژێر هەڕەشەدا بێت، ئەوا ئێران پشتگیری میلیشیاکانیان بە چەك و پارە دەکات، لە هەندێك وڵاتیشدا بۆ نموونە وەك نەیجیریا کە رێژەی شیعە تەنیا دەگاتە یەك ملیۆن کەس، ئێران هەوڵ و ئیمکانیەتی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بکات بە شیعە و نفووزی شیعە زیاد بکات، هەڵسووڕێنەری ئەم بەرنامەیەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە پلەی یەکەم هێزی قودسی سوپای پاسداران و وەزارتی ئیتلاعات و تا رادەیەکی زۆریش حزبوڵای لوبنانییە، ئەم سێ لایەنە تەواوی کۆمپانیاکانیان و سەنتەرە کەلتووری و ئایینییەکانیان کردۆتە چەترێك، یان ژێرخانێك بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران لە دەرەوەی ئێران، لە هەمانکاتدا چەك و دارایی پێویست بۆ میلیشیا وەکیلەکانیان دابین دەکەن.»

ئەم چوارچێوەی کە ئەم ژەنراڵە پێناسەی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسدارانی تێدا کردووە، لایەنێکی دیکەی شێوازی کارکردنی هەر سێ لایەنی (هێزی قودس و وەزارەتی ئیتلاعات و حزبوڵای لوبنانی)مان بۆ ئاشکرا دەکات، بەوەی ئەمانە زیاتر دەست لەگەڵ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی تێکەڵ دەکەن، ئەمەش واتە راستەوخۆ کار بە گرووپێك دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دەیانەوێت بە رێگەی ئەو گرووپە جێبەجێی بکەن، سوپای پاسداران لە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵ کارکردنی بەم میکانیزمە بۆی دەرکەوتووە کە ئێران ناتوانێت راستەوخۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانێ لەسەر ئاستی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بکات. لەم هەوڵانەشیدا بێگومان ئێران کۆمەڵێك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە عێراق و سووریادا، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٥ کاتێك شا سەلمان هاوپەیمانیەتی ئیسلامی بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێران لە تەواوی ناوچەکە پێکهێنا، توانی بە رێگەی یارمەتی و هاوکاریکردنی سودان، نفووزی ئێرانی لەو وڵاتە کەم بکاتەوە و خەرتوم لە تاران دوور بخاتەوە، ئێران لە هاوکاریکردنی سودان، ئامانجی ئەوە بوو سۆدان بکاتە پردی پەڕینەوە بۆ بە قاچاخ بردنی چەك بۆ یەمەن، بەڵام سعودیە توانی ئەم بەرنامەیەی ئێران پووچەڵ بکاتەوە.

هاوکاریی ئێران بۆ دەوڵەتێکی وەك سودان کە سوننەیە، ئەوەمان پێدەڵێت کە شێوازی کارکردنی سوپای پاسداران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تەنیا هەوڵدان نییە بۆ ئەوەی سەرکردەکانی شیعە و میلیشیاکانیان بکاتە وەکیلی خۆی، بەڵکو هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران هەوڵیانداوە لەگەڵ سوننەش بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و هاوبەش کە دژایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی لە ناوچەکە، دەست تێکەڵاو بکات. هەر بۆ نموونە وەك پرۆفیسۆر چارلس لیستەی توێژەرەی تایبەتمەند لەسەر جیهادی سوننەی سەلەفی و شیعەی ویلایەتی فەقهی لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی: (جیهادی سوننە و بەرەوپێشەوەچوونی قاعیدە و داعش) ئاماژەی پێکردووە، لە دوای رووخانی رژێمی سەدام

حوسێن لە عێراق، سوپای پاسدارانی ئێران جیا لەوەی پشتگیری سەربازیی و ماددی میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی کردووە، بۆ مقاوەمەت دژی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، لە هەمانکاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن رژێمی بەشار ئەسەدەوە کارئاسانییەکی زۆر بۆ چەکدارانی قاعیدەی لقی عێراق کراوە، بۆ ئەوەی لەناو سووریاوە بێنە عێراق و لە دوو بەرەوە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شەڕ بکەن. ئەم توێژینەوە ئەکادیمییانەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هێزی قودسی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چاوپۆشی لە هەموو جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژی، تائیفی و تەنانەت نەتەوەییش دەکەن، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکانی ئەو گرووپانە یەك بگرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر ئەو پیلانەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودس لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووك جێبەجێی کرد، ئەوا بە راشکاوی ئەو حاڵەتە ئینتیهازییەی قاسم سولەیمانیمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن سوودی لە لاوازی و لەرۆزکیی بەشێکی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەرگرتووە و توانی رێککەوتنیان لەگەڵ بکات و لە کەرکووك لە قۆڵێکی بەرەکانی شەڕەوە پاشەکشەیان پێ بکات، ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم پیلانە هاوبەشەی قاسمی سولەیمانی و ئەو تاقمە خۆفرۆشەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵوەستە بکەین و بپرسین، ئایا ئەو بەرژەوەندییە هاوبەش چییە کە ئەو تاقمە لەگەڵ قاسم سولەیمانی دەکاتە هاوئامانج؟ ئایا ئەم تاقمەی ناو یەکێتی ئامانجیان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بڵاو بکەنەوە؟ یان ئایا دەیانەوێت لە جێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمی ویلایەتی فەقیهـ لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن؟ بێگومان دیارە هیچ کام لەوانە نابنە ئامانجی هاوبەشی نێوان قاسم سولەیمانی و ئەو تاقمەی ناو یەکێتی کە دەستیان لەگەڵدا تێکەڵ کردووە، بەڵکو ئامانجی هاوبەشی هەردوولایان دژایەتی شەخسی مسعود بارزانی بووە، بەڵام دیسان دژایەتی شەخسی مسعود بارزانی بۆ هەردوولایان وەك یەك نییە و هەر لایەکیان تێڕوانینی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە ئەو تاقمە خیانەتکارەی ناو یەکێتی، لەسەر ئەو بنەمایە دژایەتی مسعود بارزانی دەکەن، کە نابێت دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی ئەم سەرۆکە دابمەزرێت، ئەوجا کوردستان، یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان زەرەر دەکات، یان نایکات، ئەوە لای ئەوان پرسێکی لاوەکییە و پرسی هەرە سەرەکی، شکستهێنانە بە پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆك مسعود بارزانی، بەڵام با بزانین ئایا دژایەتیی قاسم سولەیمانی بۆ شەخسی مسعود بارزانی هەر بۆ ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی ئەم سەرۆکە دروست نەبێت؟ بێگومان وەڵامەکە تەواو تەواو پێچەوانەیە، لای قاسم سولەیمانی دژایەتی مسعود بارزانی لەبەر ئەوە نییە کە ئەم سەرۆکە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی مسعود بارزانی دەیویست دایبمەزرێنێت دەبووە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو ئامانجەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەتی لە دروستکردنی پردێکی زەمینی بۆ بەستنەوەی غەزە بە تارانەوە و تەواوکردنی پرۆژەی هیلالی شیعی کە ئێران دەیەوێت لە میانەی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەوە وەك هێزی سەرەکی خۆی لەناو جیهانی ئیسلامی نمایش بکات و خۆی وەك نوێنەر و رابەری هەموو شیعە لە جیهاندا پیشانبدات، هەر بۆیە ئەگەر پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان بەشێك بوایە لە تەواوکاری پرۆژەی هیلالی شیعی و ئەو پردی زەمینییە کە کۆماری ئیسلامی وەك ستراتیژ نەخشەی بۆ داڕشتبوو، ئەوا هەرگیز قاسم سولەیمانی دژایەتی دەوڵەتی کوردستانی نەدەکرد.

پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاسەر قاسم سولەیمانی لەگەڵ ئەو تاقمە خۆفرۆشە هاوپەیمان دەبێت؟ بێگومان مێژووی نزیکەی ٤٠ ساڵەی کارەکانی هێزی قودس و ئیتلاعاتی ئێرانی ئەوەمان پێدەڵێن، ئەگەر ئەم تاقمە خیانەتکارەی ناو یەکێتی بتوانن درێژە بە کاری تێکدانی یەکڕیزی لە نێوماڵی کوردستان بدەن و زەمینەی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان هەردوو

**چۆن سوپای پاسدارانی ئێران هیچ فەرمانێکی حەسەن رۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران جێبەجێ ناکات، ئێستاش حەشدی شەعبی کە سوپای پاسدارانی عێراقە هیچ فەرمانێکی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق جێبەجێ ناکات و سوپایەکی سەربەخۆیە لەناو دەوڵەتی عێراقدا و تەنیا فەرمانەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات**

**پیلانی قاسم سولەیمانی بۆ پێشنیارەکەی ئەمریکا و یاسای حەشدی شەعبی پەرلەمانی عێراقی، بووە بنەمای دروستکردنی سوپایەکی سەربەخۆ بە هاوشێوەی سوپای پاسداران لە ئێران کە راستەوخۆ گرێدرابێت بە رێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی عەلی خامەنەیی،نەک بە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە**

**نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی حکومەتی عێراق جیا لەوەی کە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ چوونی ئەم میلیشیایانە بۆ سووریا دابین کرد، لە هەمانکاتدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداشی بۆ هێزی قودسی سوپای پاسداران کردەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگەی ئاسمانی نێوان بەغدا و دیمەشق، ڕۆژانە چەک و تەقەمەنی پێویست لە عێراقەوە بگوازرێتەوە بۆ سووریا**

**ئایەتوڵا عەلی سیستانی بە هیچ شێوەیەک فەتوای بۆ جیهادی شیعە لە سووریا و چوونی چەکدارانی شیعەی عێراق بۆ سووریای دەرنەکردبوو، لەمەش زیاتر موقتەدا سەدریش چوونی چەکدارانی شیعەی عێراقی بە کارێکی هەڵە وەسف دەکردو پێی وابوو کە کێشەی سووریا کێشەیەکی ناوخۆییە و پێویست نییە هیچ لایەک دەستێوەردانی تێدا بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم میلیشیا چەکدارانەی شیعەی عێراق بوونە شوێنکەتووی مەرجەعییەتی خامەنەیی، فەرمانەکانی تارانیان جێبەجێ کرد و پشتیان لە فەرمانەکانی سیستانی لە نەجەف کرد**

هێزی سەرەکی پارتی و یەکێتی دروست بکەن، یان خوانەخواستە یەکێتی نیشتمانی کۆنترۆڵ بکەن و شەڕی دژی کوردی پێبکەن، ئەوا بێ شك، قاسم سولەیمانی چۆن ئەمبارەکانی حزبوڵای پڕی چەك و تەقەمەنی کردووە و ساڵانە نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ خەرج دەکات، بەهەمان شێوە پشتگیری ئەو تاقمەی کوردستان دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەدوای داگیرکردنەوەی کەرکووك، بارودۆخەکە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی دژی ئەو تاقمە خۆفرۆشە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هاوکاری نێودەوڵەتیش دەستی پێکردووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە یەکریزی لە نێو هیزی پێشمەرگەی کوردستان و لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکرێتەوە، ئەوا ئێستا بە ڕێگەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەناو شاری کەرکووك جۆرێك لە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانیان بەو تاقمە دیارەو دەیەوێت پێیان بڵێت: ئێوە ئەو ئەسپە نین کە من گرەوم لەسەر کردن.

توێژینەوەکان لەسەر شێوازی کارکردنی قاسمی سولەیمانی لەگەڵ میلیشیا وەکیلەکانی ئاماژە بەوە دەکەن، کە شێوازی کارکردنی هێزی قودس لەگەڵ میلیشیا شیعە و غەیرە شیعەکان، ئەوجا ئەو غەیرە شیعەیانە، کورد بن، یان عەرەبی سوننە، یان کەمایەتیە ئایینی و نەتەوەکانی دیکە، دوو شێوازی جیاوازن، سەبارەت بە مامەڵەی لەگەڵ میلیشیا شیعیە وەکیلەکانی لە لوبنان و سووریا و عێراق و تا رادەیەکیش بەحرێن، بەو جۆرەیە کە هەوڵدەدات ئەو میلیشیانە ببنە هەوێنی چەسپاندنی فیکری سیستمی ویلایەتی فەقیهـ ، بۆ ئەوەی کۆپییەکی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتانە دووبارە بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ میلیشیا غەیرە شیعەکان هەوڵەکانی هیزی قودس و قاسمی سولەیمانی بۆ ئەوەیە، ئەو میلیشیا وەکیلە غەیرە شیعەیانە بەردەوام ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت بەرامبەر ئەو لایەنانەی کە کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆی دەزانێت و دەیەوێت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران شەڕی ئەو دوژمنانەی بە دەستی میلیشیای دەرەکی بکات، بۆیە کە ئەو جۆرە خۆفرۆش و میلیشیایانە نەیانتوانی بە باشی دژی ئەو لایانانەی کە کۆماری ئیسلامی بە دوژمن ناویان دەبات، ئامانجەکە بپێکن، بۆیە پاڵپشتیی ئێرانیشیان لێ کەم دەبێتەوە و ئێران نە دەیەوێت ڕاستەوخۆ دژایەتی هیچ حکومەت و دەوڵەتێك بکات، نە دەشیەوێت شەڕێك بکات کە بگوازرێتەوە بۆ ناو سنوورەکانی خۆی.

### ● نەبوونی میکانیزمی پێویست بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران

ئیدارەی ئەمریکا کۆماری بوویێت، یان دیموکراتی، چەند ساڵێکە لە هەوڵی ئەوەدایە سنوورێك بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە چەکدارییانەی میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران دابنێت کە بوونەتە هۆکاری تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیارە ئەو ناوچانەشی کە ئەو میلیشیا وەکیلانەی سوپای پاسداران هەوڵی ناسەقامگیری تێدا دەدەن، بریتین لە: میلیشیای حوسیەکان لەیەمەن، حزبوڵای لوبنانی، میلیشیاکانی شیعەی عێراق و سووری و پاکستانی و ئەفغانستانی لە سووریا، هەروەها میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و ئێستاش هەڕەشەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی کوردستانە.

دیارە ئەوانەی تایبەتمەندن و بە شێوەیەکی مەیدانی لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەم میلیشیایانە و لغاوگیرکردنی هەڕەشەکانیان کاریان کردووە، دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە ئەوە کارێکی ئاسان نییە و دەبێت ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێکەوە هەوڵەکانیان بکەن بە یەك و لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی دوورمەودا پێکەوە کاربکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پارەیەکی هێجگار زۆری تەرخان کردووە بۆ ئەوەی تۆڕێکی ئاڵۆز و هاوپەیمان لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەلتەرناتیڤ لە سەرانسەری جیهان دروست بکات، ئەمانەش هەمووی لە پێناوی ئەوەیە نفووزی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەست بێت.

ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە،

ئەو راستییەی بۆ ئاشکرا بووە کە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا تیرۆریستانی داعش و قاعیدە و پاشکۆکانیان نین، بەڵکو سەرچاوەی ئەو ناسەقامگیرییە رادیکالیزمی ئیسلامی سوننە و شیعەیە، بۆیە کاتێك جیهان هاوپەیمانی دروست دەکات بۆ لغاوگیرکردن و تێکشکاندنی فیکری توندڕۆیی جیهادی سەلەفی سوننە، ئەوا لەبەرامبەردا ئەگەر جیهادی ویلایەتی فەقیهی شیعە لغاوگیر نەکرێت و تێك نەشکێندرێت، ئەوا دیسان ئەو شەڕە تائیفییە خوێناویتر دەبێت و کۆتایی نایەت.

هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا ستراتیژێك کە هەبێت و رایگەیاندبێت، ستراتیژیەتی تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعشە، واتە جیهادی سەلەفی سوننە، بەڵام لەبەرامبەردا هەتا ئێستا نەتوانراوە ستراتیژیەتێك بۆ لغاوگیرکردن و تێکشکاندنی فیکری ویلایەتی فەقیهی شیعەی جیهادی دابنێن.

بەشێکی زۆری پسپۆڕان و تایبەتمەندان لەو بڕوایەدان کە ئەو پەیامە توندەی سەرۆك ترەمپ لە رۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەر دژی سوپای پاسدارانی ئێران رایگەیاند، خۆی لە خۆیدا راگەیاندنی ستراتیژێکە بۆ لغاوگیرکردن و هەڵوەشانەوەی ئەو تۆڕە میلیشیایەی سوپای پاسداران کە لە تەواوی ناوچەکە دروستی کردووە، بەڵام ئەو پسپۆڕانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەتا ئێستا ستراتیژیەتی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە رانەگەیەندراوە، هەربۆیە لەمیانەی قسەکانیان لەبەردەم لیژنەکانی کاروباری دەرەوە و کاروباری بەرگری و ئاسایش لە کۆنگرێس، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی دەبێت نەخشەیەك رێگایەك بۆ تەرجەمەکردن و جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە هەبێت کە سەرۆك ترەمپ رایگەیاندووە.

سەبارەت بەم لایەنە ژەنراڵ عومەر کارمی توێژەری سەرەکی لەسەر مەترسییەکانی میلیشیاکانی سوپای پاسداران لە ناو سوپای بەرگری ئیسرائیل، ئەم خاڵانە پێشنیار دەکات:

١- دەبێت حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەرپرسیاریەتی تەواوی ئۆپەراسیۆنەکانی میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران لە ئەستۆی خۆی بگرێت، بۆیە دەبێت راستەوخۆ تاران، یان حەسەن رۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران لەو راستییە تێبگەیەندرێن، کە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر پشتگیرکردنی شەڕی بەوەکالەت بە رێگەی ئەو تۆڕە میلیشیایانە، ئەوا دەبێت تاران باجێکی قورس بدات. بێگومان راستە حەسەن رۆحانی سەرۆککۆماری ئێران کاریگەرییەکی زۆر کەم و سنوورداری لەسەر تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران هەیە و سوپای پاسداران ملکەچی فەرمانەکانی عەلی خامنەیی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانن، بەڵام ئەگەر ئەم بەرپرسیاریەتیە بخرێتە سەر حەسەن رۆحانی ناچار دەبێت، سنوورێك بۆ کارەکانی سوپای پاسداران دابنێت.

٢- پیادەکردنی میتۆدێکی سەرتاپاگیر بۆ رووبەڕووبوونەوەی تێکرای تۆڕە میلیشیاکانی سوپای پاسداران، وەك میلیشیای حوسییەکان لە یەمەن، حزبوڵای لوبنانی، میلیشیا شیعەکانی سووریا، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا، هەروەها بە ئامانجگرتنی تەواوی ئەو گرووپانەی کە دەبنە سەرچاوەی دابینکردنی داهات و چەك و تەقەمەنی بۆ تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران، لەمەش زیاتر دەبێت چاودێرییەکی توندی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران بکرێت، لەبەر ئەوەی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران بەرپرسی دابینکردنی پێداویستییەکانی تەواوی ئەو تۆڕی میلیشیایانەیە لانیکەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣- سوپای پاسداران بە هەر سێ رێگەی (زەمینی و ئاوی و ئاسمانی) هەوڵیداوە بە قاچاخ چەك بگەیەنێتە میلیشیا وەکیلەکانی، بۆیە دەبێت میکانیزمێك بۆ رێگەگرتن لە بە قاچاخ بردنی چەك دابنرێت و هاوکاری ئەو دەوڵەتانە بکرێت کە سوپای پاسداران بە رێگەی خاکەکەیان، یان بەندەرە ئاوییەکان، یان ئاسمانی، باری قاچاخی چەك دەگوازرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە توانای ئەوەیان هەبێت رێگری لەم کارانەی ئێران بکەن.

٤- یەکخستنی ئەو میکانیزمەی کە سوپای پاسداران کۆنترۆڵی تۆڕی میلیشیاکانی

**لە تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانیدا، هەرێمی کوردستان لە عێراقدا تەنیا هاوپەیمانی بەتواناو پشت پێ بەستراوی ئەمریکا و هاوپەیمانانە لەناوچەکەدا کە دەتوانێت سنوور بۆ دەسەڵاتی فراوانخوازی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران دابنێت، بۆیە کوردستانی کردە ئامانج بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ستراتیژەکەی سەرۆک ترەمپ بۆ لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران بە مردوویی لە دایک بێت.**

**ئامانجی قاسم سولەیمانی تەنیا داگیرکردنەوەی کەرکووک نەبوو بە تەنیا، بەڵکو هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی بوو لە کوردستاندا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و بۆشاییەکی گەورەی ئەوتۆ لە کوردستان دروست بێت کە بە ئاسانی بتوانێت بە حەشدی شەعبی و تاقمە خائینەکەی کورد وەک وەکیلی خۆی پڕی بکاتەوە**

**دەبێت حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەرپرسیاریەتی تەواوی ئۆپەراسیۆنەکانی میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران لە ئەستۆی خۆی بگرێت، بۆیە دەبێت راستەوخۆ تاران، یان حەسەن رۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران لەو راستییە تێبگەیەندرێن، کە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر پشتگیرکردنی شەڕی بەوەکالەت بە ڕێگەی ئەو تۆڕە میلیشیایانە، ئەوا دەبێت تاران باجێکی قورس بدات**

پێدەکات، بۆ ئەمەش دەبێت بە ئاشکرا ناسنامەی سوپای پاسداران و هێزی قودس و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانی و حزبوڵای لوبنانی، لە ناوەندەکانی گشتی و میدیادا ریسوا بکرێن و بخرێنە ناو لیستی سزا هەمەجۆرەکانەوە، دەبێت بەدواداچوونی ورد بکرێت لەسەر گواستنەوەی پارە بۆ میلیشیاکان و هەروەها دیاریکردنی سەرچاوەی کۆکردنەوەی پارە بە شێوەیەکی نامەشروع. بۆ ئەمەش دەبێت گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتان بۆ ئەوەی ئەو ناوەندانەی سوپای پاسداران دابخرێن کە لەژێر ناوی سەنتەری کەلتووری و ئایینی کردوویەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو سەنتەرانە چەترێکی ترسناکن و بوونەتە ژێرخانێك بۆ هەڕەشە لە سەقامگیری و پتربوونی مەترسییەکانی تۆڕی میلیشیاکانی سەر بە سوپای پاسداران.

٥- دەبێت بە شێوەیەکی پراکتیکی و کاریگەر هاوکاری و هەماهەنگی هەواڵگری لەنێوان حکومەتەکاندا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دروست بکرێت، بەمەش دەتوانرێت بەڵگەیەکی زۆر سەبارەت بە کارە هەڕەشەئامێزەکانی تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو ناوەندە مەدەنییانە ئاشکرا بکرێن کە سوپای پاسداران وەك ناوەندێکی سەرەکی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بەکاریان دەهێنێت.

٦- دەبێت هانی ئەو دەوڵەتانە بدرێت کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی سوننەن و کەمینەیەکی شیعەیان هەیە، بۆ ئەوەی شێواز و میتۆدی جیاواز لەگەڵ دانیشتووانە شیعەکەی بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانن بیانگەیەنە قەناعەت و لە ئێران دووریان بخەنەوە.

٧- دەبێت دەوڵەتانی عەرەبی و بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە کە لە دەوڵەتانی شکستخواردوو و لەرزۆکدا بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و چاودێری کۆمەڵایەتی دروست دەبن، بۆ ئەمەش دەبێت سعودیە و ئیمارات هاوکاری ئەو دەوڵەتانە بکەن بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی باش بۆ گۆڕینی بارودۆخی ناوخۆی وڵات و لەباربردنی ئەو زەمینەیەی کە ئێران لێوەی دەستتێوەردان دەکات و تۆڕی میلیشیای چەکداری تێدا دروست دەکات.

٨- دەبێت پەیامێکی روون و راشکاو بۆ هاووڵاتیانی ئێران هەبێت و هەموو ئەو زانیارییانە بۆ هاووڵاتیانی ئێران روون بکرێتەوە کە چۆن ئەم هەوڵانەی سوپای پاسداران بۆ پیادەکردنی شەڕی بەوەکالەت لەلایەن میلیشیا چەکدارە وەکیلەکانیەوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی ئێرانی چ باجێکی قورس بدات. هەروەها بە راشکاوی ئەوە ئاشکرا بکرێت کە سوپای پاسداران کۆمەڵگە شیعەکانی لە تەواوی وڵاتان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئیستیغلال کردووە و باجی سەرەکیی ئەم ستراتیژەش گەلانی ئێران دەیدات.

ئەم خاڵانەی ژەنراڵ عومەر کارمی ئاماژەی پێکردوون، هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو ستراتیژەی کە لە ١٣ی ئۆکتۆبەری رابردوو سەرۆك ترەمپ دژی سوپای پاسداران رایگەیاندووە، بەڵام لە یەکەم کاردانەوەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودس لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا، توانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابەش بکات و رێگە بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی بکاتەوە بۆ ئەوەی کەرکووك داگیربکاتەوە.

بیگومان ئامانجی قاسم سولەیمانی تەنیا داگیرکردنەوەی کەرکووك نەبوو بە تەنیا، بەڵکو هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی بوو لە کوردستاندا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و بۆشاییەکی گەورەی ئەوتۆ لە کوردستان دروست بێت کە بە ئاسانی بتوانێت بە حەشدی شەعبی و تاقمە خائینەکەی کورد وەك وەکیلی خۆی پڕی بکاتەوە. پرسیاری گرنگ دووبارە لێرەدا ئەوەیە ئایا قاسمی سولەیمانی ئەم پیلانەی کە بۆ کوردستان داڕشت، لەبەر ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان ریفراندۆمیان ئەنجامدابوو و دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو؟ بێگومان نەخێر، ئەوەی لای قاسم سولەیمانی جێگەی بایەخ نەبێت، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی عێراقە، بەڵکو ئەوەی ئەو مەبەستیەتی، دابەشکردن و زاڵبوونە بە سەر وەکیلەکانیدا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی سوپای پاسداراندا، ئەوجا کاتێك پیلانەکەی قاسم سولەیمانی لەژێر پەردەی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەشارێتەوە و

**لەبەر ئەوەی هەر لەدوای داگیرکردنەوەی کەرکووک، بارودۆخەکە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی دژی ئەو تاقمە خۆفرۆشە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هاوکاری نێودەوڵەتیش دەستی پێکردووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە یەکریزی لە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکرێتەوە، ئەوا ئێستا بە ڕێگەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەناو شاری کەرکووک جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانیان بەو تاقمە دیارەو دەیەوێت پێیان بڵێت: ئێوە ئەو ئەسپە نین کە من گرەوم لەسەر کردن**



لەلایەك توركیا و حكومەتی عێراقی پێ لە خشتە دەبرێت و لەلایەكی دیكە ئاراستەی سیاسەتی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی و ئەمریكا بەرەو لایەكی دیكە دەبات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە تائێستاش لەلایەن ئەمریكا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە میكانیزمێكی گونجاو بوونی نییە كە ستراتیژیەتی سنووورداكردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانی تۆڕی میلیشیاكانی سوپای پاسدارانی پێ سنووردار بكات، یان بتوانێت تۆڕی میلیشیاكان لەبەر یەك هەڵبوەشێنێتەوە.

لەم راستەدا و لە تێڕوانینی قاسم سولەیمانیدا، هەرێمی كوردستان لە عێراقدا تەنیا هاوپەیمانی بەتواناو پشت پێ بەستراوی ئەمریكا و هاوپەیمانانە لەناوچەكەدا كە دەتوانێت سنوور بۆ دەسەڵاتی فراوانخوازیی تۆڕی میلیشیاكانی سوپای پاسداران دابنێت، بۆیە كوردستانی كردە ئامانج بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ستراتیژەكەی سەرۆك ترەمپ بۆ لەبەر یەكهەڵوەشاندنەوەی تۆڕی میلیشیاكانی سوپای پاسداران بە مردوویی لە دایك بێت، ئەم كارەشی بە تەواوەتی بۆ دەچێتە سەر، ئەگەر ئەمریكا و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بە خێرایی چاو بە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر كوردستان نەخشێننەوە.

**● كاریگەری هێزی قودسی سوپای پاسداران لە سەر میلیشیاكانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا**

ئەو میلیشیا پرۆ ئێرانییانەی شیعەی عێراق كە ئێستا لەناو حەشدی شەعبیدا كۆكراونەتەوەو لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە یاسای بۆ دەرچووەو مووچە و بودجەی بۆ دیاریكراوە، بەشێكیان هەر لەو كاتەی هێزەكانی ئەمریكا لە ساڵانی ( ٢٠٠٣-٢٠١١ ) لە عێراقدا بوون، لەلایەن هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە دامەزرێنراون و وەك میلیشیایەكی چەكدار دژی بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقدا شەڕی هێزەكانی ئەمریكایان كردووە. وەك هێزەكانی بەدر و جەیشی مەهدی، بەشێكی دیكەشیان لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە دوای ساڵی ٢٠١١ لەلایەن هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە لەو شیعانە دروست كراون كە بڕوایان بە سیستمی ویلایەتی فەقیهی كۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و پابەندن بە مەرجەعییەتی عەلی خامەنەیی، نەك ئایەتوڵلا عەلی سیستانی لە نەجەف. ئەمانەش وەك

**سوپای پاسدارانی ئێران جیا لەوەی پشتگیری سەربازیی و ماددی میلیشیا چەكدارەكانی شیعەی كردووە، بۆ مقاوەمەت دژی بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقدا، لە هەمانكاتدا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لەلایەن رژێمی بەشار ئەسەدەوە كارئاسانییەكی زۆر بۆ چەكدارانی قاعیدەی لقی عێراق كراوە، بۆ ئەوەی لەناو سووریاوە بێنە عێراق و لە دوو بەرەوە دژی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقدا شەڕ بكەن**

**لای قاسم سولەیمانی دژایەتی مسعود بارزانی لەبەر ئەوە نییە کە ئەم سەرۆکە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی مسعود بارزانی دەیویست دایبمەزرێنێت دەبووە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو ئامانجەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەتی لە دروستکردنی پردێکی زەمینی بۆ بەستنەوەی غەزە بە تارانەوە**

**ئەو تاقمە خیانەتکارەی ناو یەکێتی، لەسەر ئەو بنەمایە دژایەتی مسعود بارزانی دەکەن، کە نابێت دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی ئەم سەرۆکە دابمەزرێت، ئەوجا کوردستان، یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان زەرەر دەکات، یان نایکات، ئەوە لای ئەوان پرسێکی لاوەکییە و پرسی هەرە سەرەکی، شکستهێنانە بە پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆک مسعود بارزانی**

عەسائیبی ئەهلی حەق، حەرەکاتی حزبولڵای نوجەبا، سەرایای خۆراسانی، جەیشی موختار و چەندین میلیشیای دیکە. ئەم میلیشیایانە کۆپی حزبولڵای لوبنانین و لە هەر کوێیەك قاسم سولەیمانی فەرمانیان پێ بکات، لەو شوێنە شەڕ دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایە و دوای ئەوەی لە کۆتایی ٢٠١٢ و سەرەتای ٢٠١٣، رژێمی ئەسەد کەوتە مەترسییەوە، ئەم میلیشیایانە چوونە سووریا و لەژێر دروشمی (لبیك یا زینب) جیهادی شیعەیان بۆ پاراستنی مەزارەکانی شیعە لە دەوروبەری دیمەشق راگەیاندو هەر لەوێش لەسەر دەستی ئەم میلیشیایانە و بە فەرمانی قاسم سولەیمانی لیوای عەمار بن یاسر دامەزرا، وەك ئاماژەیەك بۆ مەزاری عەمار بن یاسر لە رەققە، ئەمە لە کاتێکدا ئایەتولڵا عەلی سیستانی بە هیچ شێوەیەك فەتوای بۆ جیهادی شیعە لە سووریا و چوونی چەکدارانی شیعەی عێراق بۆ سووریای دەرنەکردبوو، لەمەش زیاتر موقتەدا سەدریش چوونی چەکدارانی شیعەی عێراقی بە کارێکی هەڵە وەسف دەکردو پێی وابوو کە کێشەی سووریا کێشەیەکی ناوخۆییە و پێویست نییە هیچ لایەك دەستێوەردانی تێدا بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم میلیشیا چەکدارانەی شیعەی عێراق بوونە شوێنکەتووی مەرجەعییەتی خامەنەیی، فەرمانەکانی تارانیان جێبەجێ کرد و پشتیان لە فەرمانەکانی سیستانی لە نەجەف کرد. بەڵام نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی حکومەتی عێراق جیا لەوەی کە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ چوونی ئەم میلیشیایانە بۆ سووریا دابین کرد، لە هەمانکاتدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداشی بۆ هێزی قودسی سوپای پاسداران کردەوە بۆ ئەوەی بە رێگەی ئاسمانی نێوان بەغدا و دیمەشق، رۆژانە چەك و تەقەمەنی پێویست لە عێراقەوە بگوازرێتەوە بۆ سووریا.

لە مانگی مارتی ٢٠١٤ کاتێك لە عێراقدا خۆپیشاندانەکانی سوننە دەستی پێکرد و پاشان یاخیبووانی سوننە و چەکدارەکانی داعش پشتگیرییان لێکرد، ئەم میلیشیایانە جارێکی دیکە لە سووریاوە گەڕێندرانەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی ئەو خۆپیشاندانانە دابمرێکننەوە و دژی چەکدارانی یاخیبووانی سوننە و چەکدارانی داعش بجەنگن. ئەمەش مانای ئەوەیە سێ مانگ پێش ئەوەی داعش موسڵ داگیربکات و سیستانی فەتوای دروستکردنی حەشدی شەعبی بدات، ئەو میلیشیا پرۆ ئێرانییانەی سەر بە هێزی قودسی سوپای پاسداران لە سووریاوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی خۆپیشاندەرانی سوننە سەرکوت بکەن و لە ژێرناوی تەکفیری قەتلوعامیان بکەن.

بەڵام دوای ئەوەی داعش موسڵی گرت و سیستانی فەتوای دەرکرد بۆ ئەوەی شیعە خۆی چەکدار بکات لەژێر ناوی حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی بەرگری لەکەوتنی بەغدا بکات، ئەم میلیشیا پرۆ ئێرانییانەی هێزی قودس نەك هەر بوونە بەشێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەڵکو پرۆسەی دروستکردنی هێزێکی هاوشێوەی سوپای پاسدارانیان سەرکردایەتی کردو ئەمجارەیان بە ئاشکرا و بە سوودوەرگرتن لە فەتواکەی سیستانی، خەڵکێکی زۆری شیعەیان بۆ ئەو سوپایە تەجنید کردو لەبەر دەستی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان و راوێژکارە سەربازییەکانی حزبولڵای لوبنانی مەشق و راهێنانی سەربازی و تائیفی ویلایەتی فەقیهیان پێکرا و بوونە هێزێکی سەربازی بەهێزتر لە هێزەکانی پۆلیس و دژە تیرۆر و سوپای عێراقی.

پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئەمریکا هەستی بەوە کردبوو ئەگەر هێزەکانی حەشدی شەعبی نەکرێنە بەشێك لە هێزەکانی ئاسایش و لە پەرلەمانی عێراقەوە یاسایان بۆ دەرنەکرێت و ژمارەیان دیاری نەکرێت، ئەوا پاش ئازادکردنی موسڵ، ئەوا ئەم میلیشیایانەش بە هاوشێوەی چەکدارانی داعش دەبنە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئایندەی عێراق. بۆ ئەمەشیان چۆن قاسم سولەیمانی لە ساڵی ٢٠١٠ دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی سەرۆك ئۆباما و مالیکی کردە کاندیدی پەسەندکراوی خۆی و گوشاری خستە سەر سەدر بۆ ئەوەی مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠١٦ش پشتگیری لە پێشنیارەکەی ئەمریکا کرد بەوەی پەرلەمانی عێراق یاسای حەشدی شەعبی پەسەند بکات و لەمەش زیاتر ئەم هێزە بە رووکەش بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حەیدەر عەبادی وەك فەرماندەی

گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق. بەڵام پیلانی قاسم سولەیمانی بۆ پێشنیارەکەی ئەمریکا و یاسای حەشدی شەعبی پەرلەمانی عێراقی، بووە بنەمای دروستکردنی سوپایەکی سەربەخۆ بە هاوشێوەی سوپای پاسداران لە ئێران کە راستەوخۆ گرێدرابێت بە رێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی عەلی خامەنەیی،نەك بە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە .

ئەوجا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو دەرەنجامەی پێمان دەڵێت، چۆن سوپای پاسدارانی ئێران هیچ فەرمانێکی حەسەن ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران جێبەجێ ناکات، ئێستاش حەشدی شەعبی کە سوپای پاسدارانی عێراقە هیچ فەرمانێکی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق جێبەجێ ناکات و سوپایەکی سەربەخۆیە لەناو دەوڵەتی عێراقدا و تەنیا فەرمانەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات، ئەوا دەکرێت کاردانەوەکانی یەك دوو هەفتەی رابردووی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی بەگشتی و شەخسی ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری دەستەی حەشدی شەعبی بەرامبەر داواکاری ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی زۆر بە گرنگ وەربگرین، بەتایبەتی کە لە چەند رۆژی رابردوو، زۆر راشکاوانە ئەبو مەهدی موهەندیس لە تارانەوە رایگەیاند، هەتا ئەگەر حەیدەر عەبادی (فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق کە بە حیساب فەرماندەی تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیشە) داوا بکات کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنەوە، حەشدی شەعبی هەردەمێنێت و هەڵناوەشێتەوە.

بێگومان قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران و مەهدی موهەندیسی جێگری دەستەی حەشدی شەعبی، باش لەو راستییە تێگەیشتوون کە داواکاری ئەمریکا لە حەیدەر عەبادی بۆ ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنتەوە، داواکارییەکی جددییە و لە هەمانکاتیشدا ئەمریکا باشیش دەزانێت حەیدەر عەبادی ئەو دەسەڵاتەی بەسەر حەشدی شەعبیدا نییە کە ئەو بڕیارە بۆ هەڵوەشانەوەیان بدات، بۆیە کاتێك حەیدەر عەبادی لە وەڵامی ئەمریکادا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەموویان هاووڵاتی عێراقین و هێزێکی گرنگن بۆ ئاسایشی عێراق و ناوچەکە، دەیەوێت چۆن هەتا ئێستا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشییان لە حەسەن ڕۆحانی و سەرۆك کۆمارەکانی پشتری ئێران کردووە و لەسەر تۆڕی میلیشیاکانی سوپای پاسداران سزای راستەوخۆی تارانیان نەداوە، دەیەوێت بە هەمان شێوەش چاوپۆشی لە حەیدەر عەبادی و حکومەتەکەی بکەن، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر چاوپۆشی لە حەیدەر عەبادی بکرێت بەو مەرجەی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و دژە تیرۆر و سوپای عێراق لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی جیابکاتەوە و ئەم هێزانە بکاتە پارسەنگێك بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هێزی قودس لە عێراق کەمبکاتەوە، ئایا عەبادی ئەم کارەی پێدەکرێت بۆ ئەوەی راستگۆیی هاوپەیمانی خۆی بۆ ئەمریکا دووپات بکاتەوە؟ بێگومان پرسیارێکی دیکە دەبێتە وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە کە دەڵێت: ئایا جیاوازییەك لەنێوان هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و دژەتیرۆر و سوپای عێراق لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە؟ ئایا ئەوانەی سەرکردایەتی ئەم هێزە بەناو عێراقییانە دەکەن، داماڵدراون لە فیکری تائیفی و دەتوانن وەك فەرماندەیەکی سەربازی پرۆفیشناڵ و نیشتمانییانە بیر بکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای ئەفسەرانی هەواڵگری سوپای ئەمریکا لە عێراقدا، پێشتر دراوەتەوە، بەوەی باشترین هێزی عێراقی کە ئەمریکا وەك هێزێکی نیشتمانی گرەوی لەسەر دەکردن، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و دژە تیرۆر بووە، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەم هێزانە پێش ئەوەی حەشدی شەعبی دابمەزرێت کراون بە هێزێکی تائیفی و ناسنامەی نیشتمانیان لێ داماڵدراوە، هەرئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە پێنج فیرقەی عێراقی لەبەردەم داعشدا خۆی بدات بە دەستەوە و هەڵبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئێستا لە عێراقدا، بێجگە لە دوو هێزی تائیفی یەکەمیان لەژێر ناوی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی و ئەوی دیکەشیان حەشدی شەعبی، هیچ هێزێکی نیشتمانی بوونی نییە.

**مێژووی نزیکەی ٤٠ ساڵەی کارەکانی هێزی قودس و ئیتلاعاتی ئێرانی ئەوەمان پێدەڵێن، ئەگەر ئەم تاقمە خیانەتکارەی ناو یەکێتی بتوانن درێژە بە کاری تێکدانی یەکریزی لە نێوماڵی کوردستان بدەن و زەمینەی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان هەردوو هێزی سەرەکی پارتی و یەکێتی دروست بکەن، یان خوانەخواستە یەکێتی نیشتمانی کۆنترۆڵ بکەن و شەڕی دژی کوردی پێبکەن، ئەوا بێ شک، قاسم سولەیمانی چۆن ئەمبارەکانی حزبوڵای پڕی چەک و تەقەمەنی کردووە و ساڵانە نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ خەرج دەکات، بەهەمان شێوە پشتگیری ئەو تاقمەی کوردستان دەکات**

**ئەگەر پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان بەشێک بوایە لە تەواوکاری پرۆژەی هیلالی شیعی و ئەو پردی زەمینییە کە کۆماری ئیسلامی وەک ستراتیژ نەخشەی بۆ دارشتبوو، ئەوا هەرگیز قاسم سولەیمانی دژایەتی دەوڵەتی کوردستانی نەدەکرد**

# دۆزی ڕەوای گەلەکەمان پێویستی بە یەکڕیزیی لایەنەکان و یەکهەڵوێستیی نیشتمانی هەیە

**بەشێکی هۆکارەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووک هەڵتوڵاوی شوێنەواری هەژموونی سەقەتی دووئیدارەیی هەرێمی کوردستان بو و، ناکرێت ئەمەش لە یاد بکەین کە لە دووئیدارەییدا دەستی ناحەزان درێژتر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر دەست بخەنە ناو کاروبارەکانمان**

**مێژووی کورد ئەوەمان بەبیر دەهێنێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ دوژمنەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە بەرامبەر هەندێ لایەنی کوردی موجامەلە و چاوپۆشی بکەن، بەڵام لە دواییدا بە یەک چاو سەیری هەموومان دەکەن**

گەلی کورد لە ٢٥ی ئەیلوول و لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەو لەچوارچێوەی یاساو مافی نەتەوەیی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیامێکی مەدەنی و ڕاشکاوانەی ئاراستەی سەرتاسەری جیهان کرد، کە بریتی بوو لە ویستی سەربەخۆیی، ئەمەش زادەی بەرهەمدارکردنی خەبات و قوربانیدان و کۆششی سەدان ساڵەی ڕەنجی ئەم میللەتەیە، وەك یەکێ لە دیارترین و مەزڵوومترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەکە، کە هەمیشە حەزی لە ئاشتی بووە و ئاواتی لەمێژینەشی گەیشتن بووە بە مافی چارەی خۆنووسین، بوونی ئەو ویست و هەنگاوە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و داخوازیەکی هەمیشەیی و شەرعییانەی گەلی کوردستانە، ئیدی هەرچیەك ببێ و ڕۆژگار بەهەر تەرزێ بڕوات و باجەکەی چەندە گەورەش بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم دەنگانە بەرهەمیان دەبێت، هەر وەك جەنابی سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند: «دەنگە زوڵاڵ و بەرزەکەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بە فیڕۆ ناچێت و ڕۆژێك دێت بەرهەمی دەبێت».

بەو هەنگاوە کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێ، ئەگەرچی دۆخەکە لەدوای ئەم پرۆسەیە بە فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی و بابەتی دۆزی کوردی بەرەو ئاقارێکی نەخوازراو برد، بەڵام دڵنیایی ئەوە هەیە، کە باج و مەزڵوومییەتی ئەم گەلە لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئومێدی هەر هەیەو خەونەکان قەت نامرن، لە دەرەنجامی ئەو پرۆسەیە گەلەکەمان کارتێکی بەهێزی بەرهەم هێنا بۆ سەربەخۆیی.

هەر بۆیە بەرەی دژە کورد لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق بە شێوەیەکی خێرا هەوڵی یەکخستنی هەنگاوەکانی سەربەخۆییان بەرەو سەرەتای قۆناغێکی نوێ دا و ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتەبەر ڕوویدا، بە ئاشکرا پێی وتین: کە لە عێراقدا بە گۆڕینی دەم و چاوەکان دژایەتی کورد بە کۆتا نەهاتووە و، سەرکردایەتی سیاسیی کورد سەرکەوتوو نەبووە لە نەهێشتن، یا کەمکردنەوەی لۆژێکی دژایەتیکردنی کورد لە لایەن حوکمڕانانی عێراق، ئەگەرچی زۆر جار ئاماژە بەوە کراوە، کە کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا ڕەهەندێکی فەرهەنگی هەیەو دەربازبوون لەو فەرهەنگە بە نەزەری کورد لە خەباتی بەغدا مەحاڵە.

وێڕای دەربڕینی خەمباری و نیگەرانیی خۆمان بۆ ئەو دۆخە نەخوازراو و پڕ لە ناسۆرەی بەسەر گەلەکەماندا هات، کە بێگومان ئەمە یەکێك بوو لە قۆناغە هەرە ناخۆش و پڕ لە ئازارەکانی گەلی کوردو، هەموو کوردستانییەکی بە شەرەف هەست بەو ئازارانە دەکات، بەدڵنیاییەوە قۆناغەکە زۆر سەختە، بەڵام ئەم سەختییە هەرەسی لەدوا نییە، بەڵکو هەستانەوەو بەهێزبوونەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێ. لەمێژە گوتراوە: ئازادی باجی دەوێ و ئەوانەی بە دوای هەڵمژینی هەناسەی شیرینی ماف و شکۆی سەربەخۆیین، دەبێ بەرگەی ئازار و دڕکو داڵی سەر ڕێگەکەشی بگرن، لەلایەکی ترەوە کورد هەڵەی نەکردووە کە داوای مافی خۆی کردووە، نابێ سڵیش بکاتەوە، چونکە ئەم دۆزە ڕەوایەی گەلەکەمان بە هەموو پێوەرە ئاسمانی و زەمینیەکان دۆزێکی شەرعییە، بۆیە نابێ هیچ دوودڵییەك هەبێت لەبەرگری لێکردن و خەبات و تێکۆشانو پارێزگاری لێکردنی، هەر چەندە بە سوپاسەوە هێزەکانی بەرگری (بە حکوومی و حزبییەوە) بەتایبەتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وەك هەمیشە شکۆی کوردستانیان پاراست و بە لوولەی تفەنگەکانیان چۆکی بە ناحەزان دادا و ناچاریان کردن کە زیاتر پێشڕەوی نەکەن و لە بری شەڕ، پەنا بۆ دیالۆگ ببەن و لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ کورد دابنیشن، کە ئەمەش بۆ کورد شانازییەکی گەورەی ڕێکارە دیموکراسییەکانی هەنگاونانە بەرەو گەیشتن بە مافەکان، بەردەوامیدان بەو میتۆدە ئەگەری وەدەستهێنانی دەستکەوتی پتر دێنێتە ئارا، بۆیە هەستیاریی قۆناغەکە پێویست دەکات، کە هەموومان کاری جددی بکەین بۆ هەستانەوەو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی بەرۆکی گرتووین.

ئەم قۆناغە هەرچەندە قۆناغێکی سەخت و دژوارە و سەرەتای قۆناغەکە بە زیانی ئێمەو بەشێك لە خاکی کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام وەك گوتراوە (وراء کل



د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

حدث حكمة) بە دڵنیایەوە مێژووی کورد شاهیدە، کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە چەندین هەورازو نشێو تێپەڕیوەو بەرگەی قۆناغی سەختترو دوژمنی بەهێزتری گرتووە، ئاماژەکانیش وامان پێ دەڵێین کە ناوچەکە بەرەو گۆڕانگاریی گەورە دەڕوات و کۆتایی ئەم قۆناغە بە بەرژەوەندی ئێمە دەشکێتەوە، بەڵام پێویستە لە هەردوو ئاستی ناوەوەو دەرەوە، کوردستان بە ستراتیژ و لاپەڕەیەکی تازەو زۆر بە هەستیاری مامەڵە بکات و پێداچوونەوەیەکی وردیش بە کۆی رووداوەکان و هەردوو دیوی ئیجابی و سەلبی قۆناغی رابردوو بکەین و پەنجە لەسەر خاڵە لاوازەکان دابنێین و نەخشەڕێگەی قوتاربوون بکەینە کارتی ئەولەوی و کاری لەسەر بکەین.

یەکهەڵوێستی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا، کە بتوانن هەرێمی کوردستان لەم دۆخە هەستیارەدا دەربێنن و هەموو بەرژەوەندییە تەسکەکانیان وەلاوە بنێن، وەك یەك تیم کار بکەن و دەست بخەنە ناو دەستی یەك، چونکە دواجار هەموومان یەك چارەنووسمان هەیە، بۆیە نابێت بیر لە هیچ هەنگاوێکی تر بکەنەوە، جگە لە بەرێکردنی ئەم قۆناغە، ئێستا کاتی تۆڵەسەندنەوەی سیاسی و فیکری و هەڵدانەوەی کۆنە شت و کۆنە قین نییە، لە هەموو دنیادا کە نیشتمان رووبەڕووی هەڕەشەیەکی دەرەکی، یا هەر جۆرە قەیرانێك دەبێتەوە، هەموو هێزە سیاسییەکان دەچنە پاڵ یەك، بۆ دەرچوون لە مەترسییەکان و لە سەر نەخشەڕێگایەك رێك دەکەون.

سیاسەت بە دوورەپەرێزی و تووڕەیی و لاملی و دەسخەڕۆیی ئەم لاو ئەو لا ناکرێت، چارەسەری سیاسی بە بەیاننامە و کارکردن لە سەر سۆزی هاووڵاتیان نابێت، بەڵکو پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان پێکەوە لە ژوورێکی عەمەلیاتی سیاسی و رێککەوتن لە سەر نەخشەڕێگایەك دابنیشن و ئەم تەنگەژە و قەیرانە تێبپەڕێنن.

مێژووی کورد ئەوەمان بەبیر دەهێنێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ دوژمنەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە بەرامبەر هەندێ لایەنی کوردی موجامەلە و چاوپۆشی بکەن، بەڵام لە دواییدا بە یەك چاو سەیری هەموومان دەکەن، بۆیە تەنیا و تەنیا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی ئایندەی ئەم قۆناغەمان مسۆگەرتر دەکات.

پێویست دەکات سەرجەم کوردستانییان پێکەوە هەموو هەوڵێکی دوو ئیدارەیی و پەرتەوازەیی کورد رەت بکەنەوە، چونکە بەمە مەرگەساتی زۆر و هەمەلایەنە دێنەئاراوە و دۆزی رەوای گەلەکەمان دەبەنە ئاقارێکی مەترسیدارەوە، بۆیە دەبێ هەموو لایەك بە ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی بزانن، کە رێگە لەو کارە بگرن، چونکە ناحەزان زۆر کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە کوردستان زیاتر پارچە پارچە و پەرتەوازە بکەن، دووئیدارەیی جگە لە تێکدانی ژیانی هاووڵاتیان، دەرگایەکی تریش بە رووی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتیانیش دەخاتە ژێر مەترسییەوە، کە دەتوانم بڵێم بەشێکی هۆکارەکانی رووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووك هەڵقوڵاوی شوێنەواری هەژموونی سەقەتی دووئیدارەیی هەرێمی کوردستان بوو، ناکرێت ئەمەش لە یاد بکەین کە لە دووئیدارەییدا دەستی ناحەزان درێژتر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر دەست بخەنە ناو کاروبارەکانمان.

ئەرکە سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان رۆڵێکی بەرزی نیشتمانی بنوێنن و دوور بکەونەوە لە ئیستیفزاز و شێواندنی راستییەکان و چەواشەکردنی هاووڵاتیان و فراوانکردنی درزە نەخوازراوەکان، کە بەداخەوە ئێستا زۆر بە زەقی هەست دەکرێت بەشێکی راگەیاندنەکان رۆڵێکی زۆر نەرێنی دەگێڕن و بە ئەرکی پیشەیی خۆیان هەڵناستن.

ئەرکە سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بە هەموو توانایەکانیانەوە دەنگ هەڵبڕن بۆ پاراستنی یەکڕیزی و برایەتی و پێکەوەژیان و وەلاوەنانی دووبەرەکی و ململانێی حزبی و ئایدیۆلۆژی وێرانکارانە، چونکە خاڵی بەهێزی دەرچوون لەم تەنگژەو رووبەڕووبوونەوەی ئەگەرو پێشهاتەکان و وەستان لەسەنگەری بەرگری کوردستان، بەوە دەبێ پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکان بە هەر نرخو باجێك بێت، یەکڕیزی خۆیان و یەکهەڵوێستی نیشتمانی بپارێزن.

**بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە چەندین هەورازو نشێو تێپەڕیوەو بەرگەی قۆناغی سەختترو دوژمنی بەهێزتری گرتووە، ئاماژەکانیش وامان پێ دەڵێین کە ناوچەکە بەرەو گۆڕانگاری گەورە دەڕوات و کۆتایی ئەم قۆناغە بە بەرژەوەندی ئێمە دەشکێتەوە**

**هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وەک هەمیشە شکۆی کوردستانیان پاراست و بە لوولەی تفەنگەکانیان چۆکی بە ناحەزان دادا و ناچاریان کردن کە زیاتر پێشڕەوی نەکەن و لە بری شەڕ، پەنا بۆ دیالۆگ ببەن و لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ کورد دابنیشن**



## هەوڵیاندا دەستوور بکەنە ئەو چەکەی کوردستانی پێ داگیر بکەنەوە

# بەڵام ئێستا بۆتە ئەو چەکەی لووتی حەشدی شەعبی دەشکێنێت و سەری عەبادی دەخوات



**هەڵەی گەورەی حکومەتی عێراق کە بۆتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە هاوکێشەکە بە پێچەوانەی ویستی حەیدەر عەبادی هەڵبگەڕێتەوە، ئەوە بوو کە وایدەزانی لە ژێر پەردەی پێداگریکردن لە دەستوور، دەتوانێت لاوازی خۆی لە بەردەم ئەمریکا بشارێتەوەو هەروەها نفووزی باڵای ئێران لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی عێراقیدا پەردەپۆش بکات**

**لەناو ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەوانەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق پیادە دەکەن، هەر لە دوورەوە ئاگایان لە بارودۆخی عێراقە و قەت نەیانتوانیوە وەک خۆی لە عێراق و بیرکردنەوەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی شیعە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی پرۆ ئێرانی لە عێراقدا تێبگەن**

**هەڵەی گەورەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو کە حیسابی زۆر وردی لەسەر کێشەکانی ناو باڵەکانی یەکێتی نیشتمانی نەکردبوو، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەرگیز مەزندەی ئەوەی نەکردبوو کە باڵێکی ناو یەکێتی ئاستی خیانەتیان دەگاتە ئەو ئاستەی کودەتا بەسەر خۆیاندا بکەن**

حەیدەر جەواد کازم عەبادی کە ئێستا سەرۆک وەزیرانی عێراقە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە و هەتا دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ نەگەڕاوەتەوە بۆ عێراق و پاش گەڕانەوەشی لە ٢٠٠٤ لە حکومەتی کاتیی عێراق بە سەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی، وەك کادرێکی تەکنۆکراتی حزبی دەعوای عێراقی کراوەتە وەزیری گواستنەوە، بەڵام دواتر لە کابینەی د.جەعفەری و هەردوو کابینەکەی نوری مالیکی هیچ پۆستێکی وەزاری پێنەدراوە و بە تەنیا پەرلەمانتارێك بووە هەتا ساڵی ٢٠١٤، کە فەرز کرا نابێت نوری مالیکی جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە، حەیدەر عەبادی وەك لاوازترین کادر و کەسێك کە کەمترین پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبوو، بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق دیاری کراو هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمریکا پشتگیری کردو حیسابی ئەوەی لەسەر کرد کە عەبادی نابێتە پاشکۆی ئێران و هێزی قودس لە عێراقدا.

عەبادی هێندەی وەك کادرێکی تەکنۆکرات ناسراوە، وەك کاراکتەرێکی سیاسی نەناسراوە، هەر بۆیە نە لە ناو حزبی دەعوە و نە لە ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراق و نە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق، هیچ رۆڵ و پێگەیەکی نەبووە، ئەمەش وایکردووە لەناو حزبی دەعوا و هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە وەك کاراکتەرێکی لاوازی ئەوتۆ سەیر کراوە کە پێویست نەبێت رکابەری بکرێت، لەمەش زیاتر لەلایەن هێزی قودسی سوپای پاسدارانیشەوە هیچ ئاستەنگ و گرفتێکی بۆ دروست نەکراوە، لەبەر ئەوەی هەموو کات قاسم سولەیمانی چۆن مەستی بوویێت بۆ ئامانجەکانی خۆی بە ریگەی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی وەك هادی عامری و ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم ئەعرەجی بەکاریهێناوە.

ئەمریکا لە روانگەی ئەوەی پەیوەندییەکی زۆر لاوازی لەگەڵ ئێران هەیە و زیاتر وەك تەکنۆکراتێك دەیەوێت عێراق بەڕێوە بەرێت و لە نەزعەی تائیفی دووری بخاتەوە و پشت لە ئێران بکات و بەرەو وڵاتانی عەرەبی هەنگاو هەڵبگرێت، بۆ ئەمەش ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیمارات لەگەڵ عێراق بە گشتی و سعودیە و عێراق بەتایبەتی ئاسایی بکاتەوە، لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان کوردستان و عەبادیش، دیسان ئەمریکا هەموو هەوڵێکی لەگەڵ کوردستانیشدا خستەگەڕ بۆ ئەوەی کوردستانیش پشتگیرییەکی تەواوی حەیدەر عەبادی بکات، لەمیانەی گوشارەکانیش کە لەسەر کوردستان چڕدەکرانەوە بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت، ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ریفراندۆم دەبێتە هۆکاری ئەوەی عەبادی لاواز دەربکەوێت و پاشان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا عەبادی سەرکەوتوو نەبێت و زەمینە خۆش بێت بۆ ئەوەی کاندیدێکی پرۆ ئێرانی وەك هادی عامری هەڵبژاردنەکە بباتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەمریکا بە جۆرێك هەڵوێستی توندی بەرامبەر ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان پیشاندا، گەیشتە ئەو رادەیەی کە عەبادی و ئێران و تورکیا ئەو کاردانەوە توندەی ئەمریکا، وەك پیشاندانی تیشکی سەوزی ئەمریکا بخوێننەوە و ئەمەش بەو مانایەی ئەوانە هەرچییەك بەرامبەر کوردستان بکەن، ئەمریکا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، ئەم هەڵوێستە هەڵەیەی ئەمریکا وەك رۆبەرت فۆرد لە وتارێکیدا ئاماژەی پێکردووە (هەرگیز ئەمریکا نەیتوانیوە لە عێراق تێبگات)، ئەمجارەیان هێندە بە هەڵە پێگەی عەبادی و بارودۆخی سیاسیی عێراق خوێندرایەوە کە گەیشتە ئەوەی هەڵوێستی ئەمریکا وەك خیانەتکردن لە هاوپەیمانێکی گرنگی کە کوردستانە دەربکەوێت.

ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی و شەخسی ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە لۆژیکی گرێدانی سەفقە و کۆنتراکتی پەترۆڵی مامەڵەیان لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ئەمجارەی نێوان کوردستان و عێراق کردووە، بوارێکی زیاد لە حەدیان بۆ حەیدەر عەبادی خولقاند بۆ ئەوەی وەك کەسێکی لە رادەبەدەر بەهێز دەربکەوێت و بێ رکابەر هەڵبژاردنی داهاتوو بەرێتەوە، ئەم

لۆژیکی سەفقەی تیلرسۆن وەك ئەقڵێکی موجەڕدی بازرگانی بەو جۆرە کاری لەسەر کرابوو، ئەگەر حەیدەر عەبادی بتوانێت بە میتۆدی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ ئاقڵانە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، ئەوا دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨، بە جێبەجێکردنی دەستوورەکە، عێراق دەبێتەوە بە دەوڵەتە مەدەنی و دیموکراتی و ئەو فیدراڵییەی کە ئەمریکا ئومێدی بۆ دەخوازێت، بەڵام ئەم ئاراستەیە وەك بۆچوونی ئەقڵێکی بازرگانیی موجەڕد، بە هاوشێوەی یاریکردن بە پشکەکانی ناو بۆرسە جیهانییەکان ئاکامی بەدەستەوە نەدا، تیلیرسۆن پێیوابوو ئەگەر دەستوور بکرێتە یاسای گەمەکەی ناو بۆرسەی سیاسیی عێراق، ئەوا هەموو بزنسمانەکانی سیاسەت بە چوارچێوەی دەستوورەوە پابەند دەبن، وەلێ لەوە بێ ئاگابوو کە کێشەی سەرەکیی بۆرسەی سیاسیی عێراق ئەوەیە کە گەمەکاری پشکەکان لەناو حکومەتی عێراقدا بە دەستوورەکەوە پابەند نابن و ئیعتوبار بۆ دەستوورەکە دانانێن، کێشەی هەرە سەرەکیی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و کێشەی سەرەکی نێوان هەولێر و بەغداش هەر ئەوەیە کە ئەو دەستوورە پێشێل دەکرێت و جێبەجێ ناکرێت. کەواتە لێرەوە دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەقڵی موجەڕدی بازرگانانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کوێدا بە هەڵەدا ڕۆیشتووە؟ سەرەنجامیش ئەو هەڵەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی بارودۆخەکە لەنێوان هەولێر و بەغدا بە جۆرێك گەیشتۆتە ئاڵۆزی کە دەکرێت بڵێین گەیشتۆتە لێواری هەڵدێر و ئەگەر زۆر بە زوویی هەوڵنەدرێت هەنگاوێك بیگێڕێتە دواوە، ئەوا لەوانەیە کارلەکار بترازێت، بۆ دەستنیشانکردنی ئاراستە هەڵەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی کردبوو، ئەوەی ئێران و عەبادی پێکەوە دەبەستێتەوە لە عێراقدا، ئەو هاوکارییانەیە کە ئێران لە ڕێگەی هێزی قودسەوە لە شەڕی دژی داعش بە ڕێگەی حەشدی شەعبی پێشکەشی عەبادی دەکات، لەم حاڵەتەدا تێکشکاندنی داعش بۆتە ئامانجی هاوبەشی عەبادی و قاسم سولەیمانی و ئەگەر شەڕی داعش کۆتایی هات، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت عەبادی لە قاسم سولەیمانی و ئێران دوور بخرێتەوەو پاشان گرێبدرێتەوە بە سعودیە و ئیماراتەوە، بەڵام کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر پرسی ریفراندۆم دەریانخست، کە نەك حەیدەر عەبادی بەو ئاستە پەیوەندی لەگەڵ قاسم سولەیمانی نییە کە ئەمریکا لێی بترسێت، بەڵکو قاسم سولەیمانی بە جۆرێك دەوڵەتی عێراقی کردۆتە کۆلۆنیاڵی ئێران کە ئەسڵەن بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وتووێژ لەگەڵ حەیدەر عەبادی بکات، بەڵکو خۆی بە شێوازی خۆی ڕێککەوتن دەکات و پاشان وەك فەرمان بۆ حەیدەر عەبادی دەنرێت و بەو شێوازەی ئەو دەیەوێت، دەبێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات، بێگومان ئەمریکا بە هێچ جۆرێك مەزندەی ئەوەی نەکردبوو کە تا ئەو ئاستە قاسم سولەیمانی عێراقی کردۆتە کۆلۆنیاڵێکی ئێرانی.

٢- ئەمریکا لەمیانەی هەوڵەکانی بۆ ئەوەی عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز دەربکەوێت، گوشاری گەورەی خستبووە سەر لایەنی کوردستانی بۆ ئەوەی بەوە رازی بێت لە میانەی ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە جارێکی دیکە ئیدارەی هاوبەش لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لەگەڵ ئەوەی لایەنی کوردستانی لەژێر گوشاری ئەمریکادا بەم پشتگیرییەی ئەمریکا بۆ عەبادی رازی بوو، بەو ئامانجەی ئەمە ببێتە هۆکاری ئەوەی نفووزی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سنووردار بکرێت، بەڵام عەبادی بە شێوەیەك بە لاوازی لە ئاستی قاسم سولەیمانی دەرکەوت، کە هێزەکانی سوپای عێراق و ئەوەی پێی دەگوترێت پۆلیسی فیدراڵی بوونە پاشکۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی و راشکاوانەتر بوونە پاشکۆی بڕیارەکانی مەهدی موهەندیس و هادی عامری کە هەردووکیان خۆیان بە ئاشکرا گوتوویانە ئێمە (سەربازی حاجی قاسمی سولەیمانین)، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە

**دەستووری عێراق تەنیا ئەو خاڵانەی جێبەجێ ناکرێت کە ئێستا کراون بە چەکێک و کوردستانی پێ کاول دەکرێت، بەڵکو دەستووری عێراق وەک نەخشەرێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بۆ ئەوەیە عێراق وەک دەوڵەتێک لەژێر چەپۆکی ئێران رزگار بکرێت**

**ئەمریکا پشتگیری هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەکات، کە نەیانهێشتووە ئەو تاقمە خائین و خۆفرۆشە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی بکەن، یەکێتی نیشتمانی وەک لایەنیکی سیاسی نیشتمانی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان ماوەتەوە و بەرگری لە مافە شەرعییەکانی کوردستان دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا پشتگیری لەو هەوڵانە دەکات کە یەکریزی لەناو ماڵی کوردستان دروست بێتەوە و پیلانەکەی قاسم سولەیمانی هەڵبوەشێتەوە**

**قاسم سولەیمانی هەوڵیدا کە یەکریزی نێوماڵی کوردستان بەگشتی پەرت بکات و تاقمە خیانەتکارەکە بکاتە نوێنەری راستەقینەی یەکێتی نیشتمانی و شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان رووبەرووی یەکتری بکاتەوە، ئەمریکا لەم هەوڵەش تێگەیشتووە، بۆیە راشکاوانە داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات پشتگیری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکەن**

**ئەو تاقمە خائین و خۆفرۆشەی خۆیان بە قاسم سولەیمانی فرۆشتووە، هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکەنەوە کە ئۆرگانەکانی سوپای پاسداران لە تارانەوە بە فارسی بڵاوی دەکەنەوە. هەر بۆ نموونە بە ئاشکرا تاقمە خۆفرۆشەکەی سەر بە قاسم سولەیمانی، لە سلێمانییەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت حکومەتێکی کاتی دابمەزرێت، بەڵام ئەمریکا بە رێگەی بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەم هەوڵەی پەکخستووە و پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە**

ئەگەر مەهدی موهەندیس و هادی عامری خۆیان راستەوخۆ سەربازیکی بەردەستی قاسم سولەیمانی بن، ئەوا ئێستا عەبادی سەربازێکی گوێڕایەڵی بەردەمی سەربازەکانی قاسمی سولەیمانییە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەی دیکەی خوێندنەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو بۆ کەسایەتی لاوازی حەیدەر عەبادی کە ئەوان وەک کەسایەتێکی بەهێز حیسابیان لەسەر کردبوو.

٣- ریکس تیلرسۆن دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک، کاتێک گەیشتە سعودیە بۆ ئەوەی شاهیدی ئیمزاکردنی رێککەوتنی هاریکاری سعودیە و عێراق بێت، زۆر بە پشت ئەستووری داوای لە حەیدەر عەبادی کرد کە دەبێت میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە و چەکدارەکانی تەسریح بکرێن و تێکەڵی ژیانی ئاسایی بکرێنەوە، پێدەچوو حەماسی تیلرسۆن بۆ ئەم داوایە، لەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بێ ئاگا بووە لەوەی کە کەرکووک لەلایەن قاسم سولەیمانییەوە داگیرکراوە، نەک هێزەکانی حەیدەر عەبادی، بۆیە کاتێک گوێی لە وەڵامەکانی عەبادی بوو کە ئەم کارە ناکرێت و حەشدی شەعبی بەشێکە لە هێزەکانی عێراق و گرنگن بۆ ئاسایشی عێراق و ناوچەکە، تیلرسۆن تووشی شۆکێکی گەورە هات و لەوە دڵنیا نەبوو کە ئەو وەڵامەی گوێ لێ دەبێت، بۆیە هەر رۆژی دوایی و لە سەردانێکی پێشبینی نەکراودا خۆی گەیاندە عێراق و دیسان لێی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان عەبادی توندتر وەڵامی تیلرسۆنی دایەوە، بەوەی رێگە نادرێت وڵاتێکی دیکە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات، لەمەش خراپتر سەرکردەی میلیشیاکانی حەشدی وەک هادی عامری و قەیس غەزعەلی، بە جۆرێک هەڵوێستیان بەرامبەر تیلرسۆن پیشاندا، بەوەی ئەو شایستەی ئەوە نییە لە عێراقدا پێشوازی لێ بکرێت، لەمەش زیاتر وەک ئیهانەکردنێک بۆ شکۆی ئەمریکا، جیا لەوەی ئاڵای ئەمریکا بە دەستی حەشدی شەعبی لە چەند شوێنێک سووتێنرا، لەمەش زیاتر چۆن سەدام حوسێن وێنەی سەرۆک بوشی باوکی لە دەرگای هۆتیل رەشید دانابوو بۆ ئەوەی خەڵک بیخاتە ژێر پێ، بە هەمان شێوە فەرمانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئاڵای ئەمریکایان خستە ژێر پێ و زۆر شانازیشیان بەو کارەیان دەکرد، حەیدەر عەبادییش کە بە حیساب هاوپەیمانە نزیک و بەهێزەکەی ئەمریکایە، نەک هەر نەهاتە وەڵام، بەڵکو بە بێدەنگبوونی باشترین پشتگیری پیشاندا بۆ هەڵوێستی ملیشیا پرۆ ئێرانییەکان لە عێراقدا، ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی گەورەی ئەمریکا بوو کە پێیوابوو، کاتێک حەیدەر عەبادی بە پشتگیریی قاسم سولەیمانی هەڕەشە لە کوردستان دەکات، بە هەمان شێوەش دەتوانێت لە بەرامبەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبیش رابوەستێت.

● **عەبادی ویستی**
**بە دەستوور کوردستان کاول بکات**
**ئەمریکا دەیەوێت هاوکێشەکە پێچەوانە بکاتەوە**

لە هەموو ئەو راپۆرتانەی وەک پێشنیار بۆ سیاسەتی داهاتووی ئیدارەی ترەمپ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە کراون، سەبارەت بە دۆسیێ کوردستان و عێراق جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت وەک قۆناخێکی راگواستن بۆ رێکخستنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق، پاشان هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق رێکبخرێتەوە، خاڵەکانیش ئەمانەن:

١- پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کودستان (KRG)، تێکەڵی رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە نەکرێت، هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و پێوەی پابەند دەبێت، دوای ئەمە هەوڵبدرێت کێشەی تائیفی عەرەبی شیعە و سوننە، لە چوارچێوەی قەومییەتی عەرەبی چارەسەر بکرێت و هەردوولا (عەرەبی شیعە و سوننە) وەک عەرەب مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی عێراق بکەن، بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبێتە بەشێک لەم پرۆسەیە ئاسانتر عەرەبی شیعە و سوننە، وەک عەرەب خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست دەکرێت.

٢- میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە هاوبەش

و هاوکار بن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەو ئامانجەی بتوانرێت چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ چارەنووسی ئەو ناوچانە لەنێوان کوردستان و عێراق دروست بێت.

**٣-** پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق هەرچۆنێك بێت، نابێت گۆڕانکاری بەسەر سنوورەکانی عێراقدا بێت و دەبێت گۆڕانکاریەکان ناوخۆیی بێت، لەمەش زیاتر دەبێت رایەڵەیەکی پتەو لەنێوان کوردستان و عێراق هەبێت بۆ ئەوەی کێشەی دابەشکردنی داهات و پرسی نەوت و گاز چارەسەر بکات.

ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، لەپێش ئەنجامدانی ریفراندۆم بە ئاشکرا و بە نهێنی هەوڵیانداوە کوردستان بەم بەرنامەیە رازی بکەن، لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمیش هەر بەو نیازە بوون کە ئەم بەرنامەیە لەلایەن حەیدەر عەبادییەوە بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. بێگومان هەڵوێستی کوردستان لە پێش ریفراندۆم رەتکردنەوەی ئەم بەرنامەیە نەبووە، بەڵکو داوای ئەوەی کردووە، ئەگەر ئەم پرۆگرامە جێبەجێ نەکرا، ئایا ئەمریکا یان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی یان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش چ گەرەنتیەك بەکورد دەدەن؟ دیارە وەك هەموو لایەك ئاگادارن، هیچ لایەك بە ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایشەوە نەیانتوانی ئەو گەرەنتییە بە کوردستان بدەن، یان ئەگەر ئەم بەرنامەیە جێبەجێ نەکرا هەڵوێستیان چۆن دەبێت، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لەبەر ئەوەی هیچ گەرەنتییەك نییە، ئەوا ئەگەر هەر شەڕیش بکەینەوە با ئەو شەڕە بۆ سەربەخۆیی بکەین، هەر بۆیە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمیش دیسان سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئامادەباشی بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەسەر ئەم بەرنامەیە دووپات کردەوە، بەڵام حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی ئێران و تورکیا وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە کوردستان و هەڵوێستی ئەمریکاش بە جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوون بە دەستوور و دەسەڵاتی فیدراڵی، بوونە هۆکاری ئەوەی تۆڵە لە کوردستان بکەنەوە، نەك هەوڵبدرێت هەنگاو بۆ قۆناخی پۆست داعش و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق هەڵبگیرێت.

هەڵوێستی ئەمریکا کە بە هەڵەیەکی گەورە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شکایەوە، ئەوە بوو زۆر بە ئاسانی دەستوور کرایە چەکێکی کۆکوژ و کوشندە بۆ کۆمەڵکوژی و کاولکردنەوەی کوردستان، لەمەش زیاتر نەك هەر عێراق نەبووەوە بەشێك لە هاوپەیمانیی ئەمریکا لە ناوچەکە، بەڵکو وەك ئێستا کردەوەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووك دەبینین، بە رادەیەك ئیهانەی شکۆی ئەمریکا لە عێراقدا دەکرێت کە شەقامەکانی کەرکووك بەوێنەی ئایەتوڵا خومەینی دەرازێندرێتەوە و ئاڵای ئەمریکی بە ئاشکرا بەدەستی حەشدی شەعبی دەسووتێنرێت، ئەمەش ئەمریکای خستۆتە دووڕیانێکەوە، یان ئەوەتا دەبێت ببێتە تەماشاکەر بۆ ئەوەی سوپای پاسداران بە تەواوەتی کوردستان کۆنترۆڵ بکات و هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە ببێتە کۆلۆنییەکی ئێرانی، یان ئەوەتا دەبێت لەم خاڵەدا هەڵوێست وەربگرێت و بە عەبادی و ئێران پێکەوە بڵێت بەسە و دەبێت ئەوەی دەتوانرێت رزگار بکرێت، لەژێر هەڕەشەی عەبادی و ئێراندا رزگار بکرێت.

پێدەچێت ئەمریکا و هاوپەیمانان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بە عەبادی و قاسم سولەیمانی بگوترێت بەسە و لێرەدا رابوەستن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا نەك هیچ جیاوازییەك لەنێوان هەڵوێستی عەبادی و قاسم سولەیمانیدا نییە، بەڵکو بە کردەوە ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکات کە قاسم سولەیمانی بە سەربازەکانیدا بۆی رەوانە دەکات، هەروەها لە کوردستانیشدا بارودۆخێکی دروست کردووە کە ئەو تاقمە خائین و خۆفرۆشەی خۆیان بە قاسم سولەیمانی فرۆشتووە، هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکەنەوە کە ئۆرگانەکانی سوپای پاسداران لە تارانەوە بە فارسی بڵاوی دەکەنەوە. هەر بۆ نموونە:

**١-** بە ئاشکرا تاقمە خۆفرۆشەکەی سەر بە قاسم سولەیمانی، لە سلێمانییەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت حکومەتێکی کاتی دابمەزرێت، ئەمریکا بە رێگەی بەیاننامەی

**پێدەچێت ئەمریکا و هاوپەیمانان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بە عەبادی و قاسم سولەیمانی بگوترێت بەسە و لێرەدا رابوەستن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا نەک هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەڵوێستی عەبادی و قاسم سولەیمانیدا نییە، بەڵکو بە کردەوە ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکات کە قاسم سولەیمانی بە سەربازەکانیدا بۆی رەوانە دەکات**

**هەڵوێستی ئەمریکا کە بە هەڵەیەکی گەورە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شکایەوە، ئەوە بوو زۆر بە ئاسانی دەستوور کرایە چەکێکی کۆکوژ و کوشندە بۆ کۆمەڵکوژی و کاولکردنەوەی کوردستان، لەمەش زیاتر نەک هەر عێراق نەبووەوە بەشێک لە هاوپەیمانیی ئەمریکا لە ناوچەکە، بەڵکو وەک ئێستا کردەوەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک دەبینین، بە رادەیەک ئیهانەی شکۆی ئەمریکا لە عێراقدا دەکرێت کە شەقامەکانی کەرکووک بەوێنەی ئایەتوڵا خومەینی دەرازێندرێتەوە و ئاڵای ئەمریکی بە ئاشکرا بەدەستی حەشدی شەعبی دەسووتێنرێت**

**مەهدی موهەندیس و هادی عامری کە هەردووکیان خۆیان بە ئاشکرا گوتوویانە ئێمە (سەربازی حاجی قاسمی سولەیمانین)، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر مەهدی موهەندیس و هادی عامری خۆیان راستەوخۆ سەربازێکی بەردەستی قاسم سولەیمانی بن، ئەوا ئێستا عەبادی سەربازێکی گوێڕایەڵی بەردەمی سەربازەکانی قاسمی سولەیمانییە**

**قاسم سولەیمانی بە جۆرێک دەوڵەتی عێراقی کردۆتە کۆڵۆنیاڵی ئێران کە ئەسڵەن بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وتووێژ لەگەڵ حەیدەر عەبادی بکات، بەڵکو خۆی بە شێوازی خۆی رێککەوتن دەکات و پاشان وەک فەرمان بۆ حەیدەر عەبادی دەنرێت و بەو شێوازەی ئەو دەیەوێت، دەبێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات**

وەزارەتی دەرەوەی ئەم هەوڵەی پەکخستووە و پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە و پشتگیری خۆی بۆ بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی پیشانداوە بۆ ئەوەی وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکەن.

٢- بە ئاشکرا قاسم سولەیمانی هەوڵیدا کە یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بەگشتی پەرت بکات و تاقمە خیانەتکارەکە بکاتە نوێنەری راستەقینەی یەکێتی نیشتمانی و شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان رووبەڕووی یەکتری بکاتەوە، ئەمریکا لەم هەوڵەش تێگەیشتووە، بۆیە راشکاوانە داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات پشتگیری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکەن، هەروەها ئەمریکا پشتگیری هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەکات، کە نەیانهێشتووە ئەو تاقمە خائین و خۆفرۆشە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی بکەن، یەکێتی نیشتمانی وەك لایەنیکی سیاسی نیشتمانی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان ماوەتەوە و بەرگری لە مافە شەرعییەکانی کوردستان دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا پشتگیری لەو هەوڵانە دەکات کە یەکڕیزی لەناو ماڵی کوردستان دروست بێتەوە و پیلانەکەی قاسم سولەیمانی هەڵبوەشێتەوە.

٣- حەیدەر عەبادی کە لەماوەی تەنیا دوو هەفتەدا ناسنامەی خۆی ئاشکرا کرد بەوەی ناتوانێت وەك دەوڵەتمەدارێك سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق بکات و کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکات، ئەمریکا لەمەش تێگەیشت، بۆیە کاتێك حەیدەر عەبادی وەك فییت مارشاڵی شەڕ دەیویست ٢٤ کاتژمێر مۆڵەت بدات بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی دەیویست داگیری بکاتەوە، ئەمریکا هاتە سەرخەت و ئەو زمانەی رەتکردەوە.

٤- لە میانەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی شەوی هەینی رابردوودی نێوان ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، جارێکی دیکە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پشتگیری ئەمریکا بۆ مامەفەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دووبارە کردەوە، ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا، پەیامێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ حەیدەر عەبادی (کە پێناچێت لە ئێستادا عەبادی وەك خۆی لەو پەیامە تێبگات) بەوەی بەهیچ جۆرێك قبووڵ ناکرێت لە دەرەوەی دەستووری عێراق حوکمڕانی لە عێراقدا بکرێت، هەروەها پەیامێکە بەو مانایەی دەستووری عێراق تەنیا ئەو خاڵانەی جێبەجێ ناکرێت کە ئێستا کراون بە چەکێك و کوردستانی پێ کاول دەکرێت، بەڵکو دەستووری عێراق وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بۆ ئەوەیە عێراق وەك دەوڵەتێك لە ژێر چەپۆکی ئێران رزگار بکرێت و نەبێتە پاشکۆی ئێران، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە سەری عەبادی دەخوات، لەبەر ئەوەی قاسم سولەیمانی کە ٤٠ ساڵە پیلان بۆ ئاژاوەگێڕی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەڕێژێت، رێگە نادات عێراقێکی سەقامگیر ببێتە هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا، هەر کەسێکیش لە عێراقدا ئەوجا عەبادی بێت، یان مالیکی، یان عامری، هەنگاوی لەوجۆرە هەڵبگرن، ئەوا قومارێکی ترسناك لەسەر ئایندەی خۆیان دەکەن.

لەسەر ئەم باکگراوەندەی کە فاکتەکان وەك نەخشەیەك هەنگاوە هەڵەکانی هەموو کارەکتەرەکانی ناو ئەم هاوکێشە دەخەنەڕوو، ئەوا فەرزی دەکات کە هەموو لایەك لە بەر رۆشنایی ئەو فاکتانە پێداچوونەوەیەکی ورد بکەن بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە راست بکەنەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاراستەکان بە راستی بەڕێوە بچن، لێرەوە دەکرێت لەسەر هەندێك لەو هەڵانە رابوەستین:

### ● کوردستان لە کوێدا هەڵەی کردووە؟

پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم وەك ئەوەی پێی دەڵێن غەیرە مولزەم، ئەمەش بەو مانایەی ئەم ریفراندۆمە دەبێتە نەخشەیەکی رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە رێگەی گفتوگۆی دوولایەنە و فرەلایەنە و راستەوخۆ ئامانج لێی راگەیاندنی سەربەخۆیی نییە بەو مانایەی لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی وەك

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو پرسەکان بدات بە سەر یەکدا و دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردن نەهێڵێتەوە، ئەمە بەهیچ لۆژیکێك هەڵەی تێدا نییە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم کراوەتەوە، بەڵام هەڵەی گەورەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو کە حیسابی زۆر وردی لەسەر کێشەکانی ناو باڵەکانی یەکێتی نیشتمانی نەکردبوو، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەرگیز مەزندەی ئەوەی نەکردبوو کە باڵێکی ناو یەکێتی ئاستی خیانەتیان دەگاتە ئەو ئاستەی کودەتا بەسەر خۆیاندا بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەرکووك ناوچەی نفووزی یەکێتی بووە و پارێزگارەکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، ئەم بەهەند وەرنەگرتنەی سەرکردایەتی سیاسی بۆ قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو باڵە جیاوازەکانی یەکێتی، زۆر بە ئاسانی لەلایەن داگیرکارانی کوردستان و شەخسی قاسم سولەیمانی قۆسترایەوەو توانرا ئەو کارەساتە بەسەر کوردستاندا بهێنن.

هەڵەیەکی دیکەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، بایەخدان بوو بە بۆچوون و لێکدانەوەی ئەو ئەمریکییانە کە خۆیان لەناو عێراقدا کاریان کردووە و شارەزای مەیدانی پرۆسەی سیاسی و کێشە ئاڵۆزەکانی عێراق و باڵادەستی ئێران و بیرکردنەوەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبین، لەبەرامبەردا هەر لەناو ستافی وەزراتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەوانەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق پیادە دەکەن، هەر لە دوورەوە ئاگایان لە بارودۆخی عێراقە و قەت نەیانتوانیوە وەك خۆی لە عێراق و بیرکردنەوەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی شیعە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی پرۆ ئێرانی لە عێراقدا تێبگەن، بەتایبەتیش شەخسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ریکس تیلرسۆن کە زۆر شارەزایە لە گرێدانی سەفقەی بازرگانی، بەڵام لە بواری سیاسەت و چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوشێوەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم ئەزموونە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گرەوی لەسەر ئەوە کردبوو، دیپلۆماتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کارێك ناکەن بە زیان بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بشکێتەوە، بەڵام ئەوەی فەرامۆش کردبوو کە ئەمریکا زیاتر لە ١٤ ساڵە زۆر باش دەزانێت کە سیستمی دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا شکستی هێناوە، بەڵام ئێستا لە بۆچوونی هەندێك دیپلۆماتی ئەمریکیدا وەك **٢٠٠٣** جەختی زیاتر لەسەر دەکرێتەوە.

## ● حکومەتی عێراق لە کوێدا هەڵەی کرد؟

هەڵەی گەورەی حکومەتی عێراق کە بۆتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە هاوکێشەکە بە پێچەوانەی ویستی حەیدەر عەبادی هەڵبگەڕێتەوە، ئەوە بوو کە وایدەزانی لەژێر پەردەی پێداگیریکردن لە دەستوور، دەتوانێت لاوازیی خۆی لە بەردەم ئەمریکا بشارێتەوەو هەروەها نفووزی باڵای ئێران لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی عێراقیدا پەردەپۆش بکات، ئەم هەڵەیەی حکومەتی عێراق بە جۆرێك شکاوەتەوە، کە ئێستا ئەمریکاو هاوپەیمانان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە، هەولێر بکەنە ناوەندی پاراستنی دەستووری عێراق، نەك بەغدا.

لەم حاڵەتەدا لەوانەیە ئەمریکا و کوردستان بتوانن هەڵەکانی رابردوویان راست بکەنەوە و بە گەشبینی بەرەو ئایندە هەنگاو هەڵبگرن، بەڵام ئەوەی بۆ بەغدا بۆتە ئاستەنگی گەورە، ئەوەیە کە بەغدا ناتوانێت هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە و بەڵکو چۆتە پێگەیەکەوە دەبێت هەر بەرەو ئاگرەکە بۆ پێشەوە رابکات، لەم حاڵەتەدا، یەك بژارە لەبەر دەم عەبادی دەمێنێتەوە و هیچیتر، ئەویش ئەوەیە بە تەواوەتی بچێتە باوەشی ئێران و بە فەرمی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمریکا بە شەیتانی گەورە بناسێنێت، لەم حاڵەتەشدا لەوانەیە قاسم سولەیمانی و میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی بەرگری لە مانەوەی حەیدەر عەبادی بکەن، دژی ئەمریکا، بەڵام عێراقی عەرەبی کۆتایی دێت و ئەوەشی بیەوێت لە ژێر نفووزی ئێران نەژی، ناچار دەبێت روو بکاتە کوردستان و لە هەولێرەوە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ رزگارکردنی عێراق لەژێر دەستی ئێران و کۆتاییهێنان بە مەدی تائیفەگەری شیعە بهێنن.


**ستاقی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی و شەخسی ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە لۆژیکی گرێدانی سەفقە و کۆنتراکتی پەترۆڵی مامەڵەیان لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ئەمجارەی نێوان کوردستان و عێراق کردووە، بوارێکی زیاد لە حەدیان بۆ حەیدەر عەبادی خوڵقاند بۆ ئەوەی وەک کەسێکی لە رادەبەدەر بەهێز دەربکەوێت و بێ رکابەر هەڵبژاردنی داهاتوو بەرێتەوە**

**ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ریفراندۆم دەبێتە هۆکاری ئەوەی عەبادی لاواز دەربکەوێت و پاشان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا عەبادی سەرکەوتوو نەبێت و زەمینە خۆش بێت بۆ ئەوەی کاندیدێکی پرۆ ئێرانی وەک هادی عامری هەڵبژاردنەکە بباتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەمریکا بە جۆرێک هەڵوێستی توندی بەرامبەر ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان پیشاندا**

# کورد قوربانیی دەستی دەستتێوەردانی ئێرانە لە عێراقدا

**دەبوو کورد لە سەروەختی شەڕی دژ بە داعشدا لێتێگەیشتنێک، یان ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ ئەمریکادا واژوو بکردایە و تێیدا کورد داوای ئەوەی بکردایە کە لە بەرامبەر هاوکاریکردنیان بۆ شەڕی دژ بە داعش، ئەوا دەبێت ئەمریکا بەڵێنی ئەوەی بدایە گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی سیاسیی خۆیدا بکردایە لەبەرامبەر پرسی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کورد**

ئاشکرایە لە ئێستادا کوردستان پشتیوانیی نێودەوڵەتیی پێویستی بەدەست نەهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێت تاکلایەنە هەڵبستێت بە ڕاگەیاندنی دەوڵەت. لەم ڕوانگەیەوە من دەڵێم ئەگەر من لە جێی سەرکردایەتی کورد بوومایە، ئەوا بایەخم بە پەرەپێدانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدا لەگەڵ ڕۆژئاوادا، واتە هەڵدەستام بە ڕەوانەکردنی باشترین و کارامەترین کەسەکان بۆ ڕۆژئاوا و بەتایبەتی بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی لەوێدا بمێننەوە و کەیسی کورد بخەنەڕوو، ئیدی ئەو کەیسە سەربەخۆیی کوردستان بێت، یاخود خۆبەڕێوەبەری بێت – بنەما لەسەر ئەو گریمانەیەی کە خۆبەڕێوەبەریش سەردەکێشێت بۆ سەربەخۆیی-. بە کورتی مەبەستم ئەوەیە دەبێت کار لەسەر گۆڕینی مشتومڕەکە لە ئەمریکا و هەروەها لە ئەنقەرەش بکەن، من بۆ ماوەیەکی زۆر نوێنەرێکی کوردم نەبینیوە کە لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکاوە دەرکەوێت، ڕاستە ڕەنگە ڕاسپاردنی کەسانێك بۆ ئەم کارە تێچوونێکی زۆری بوێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەمە کارێکی کردەنییە، لەو ڕووەوە کە زۆر بە ئاسانی تۆ دەستت بە ڕاگەیاندن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکادا ڕادەگات، چونکە لە ئەمریکا بایەخ بە مشتومڕی کراوە و ئازاد دەدرێت. کەواتە بە باوەڕی من کێشەی کورد وەك پێویست نەخراوەتەڕوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەم کەیسە پێویستی بەوەیە کە جیهان لێی تێبگات و قبووڵی بکات. بۆچی من ئەمە دەڵێم؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەمریکا شارەزاییەکی کەمیان هەیە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەبارەی کورد و ئێش و ئازارەکانی کوردەوە لەسەر دەستی تورکیا و ئێران و عێراق، هەروەها ئاشنا نین بەوەی ئیدارەی ئەمریکا پشتی لە کورد کردووە، کە ئەمە لە ساڵانی حەفتاکانیش ڕوویدا. ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتدارانەی حوکمڕانی بەسەر کورددا دەکەن لەو وڵاتانەدا پاساو و بناغەی ئەخلاقییان لەدەست داوە بۆ حوکمڕانییەکەیان، چونکە ئەوان



ستیڤن ڤان ئیڤێرا

بۆ گوڵانی نووسیوە

**«ستیڤن ڤان ئیڤێرا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە پەیمانگای تەقەنی ماساشوسێتس، تایبەتمەندە لە چەند بوارێکی گرنگدا، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هۆکارەکانی شەڕ و بەرپێگرتن بە شەڕ، سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئەمنی ئەمریکا، دەستتێوەردانی ئەمریکا لە جیهانی سێیەمدا، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە میانەی پەیوەندییەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد لەبارەی شرۆڤەکانی بۆ پەرەسەندن و رووداوەکانی ئەم دواییە، ئەویش پێی باش بوو لە میانەی وتارێکی تایبەتدا بیروبۆچوون و شیکردنەوەکانی خۆی بخاتەڕوو».**

ستەم و خراپەکاری بەرامبەر بە کورد دەکەن. زۆر کەس باسی کەتەلۆنیا دەکەن لەم سیاقەدا، بەڵام من پێموایە حاڵی کورد هاوشێوەی کەتەلۆنییەکان نییە، راستە رەنگە مامەڵەیەکی زۆر باش لەگەڵ کەتەلۆنییەکان نەکرابێت، بەڵام خۆ مامەڵەیەکی زۆر خراپیشیان لەگەڵدا نەکراوە، مەبەستم ئەوەیە کەتەلۆنییەکان خاوەنی دەنگی تەواون لە نێو حکومەتی مەرکەزیداو گەشەکردووترین ناوچەن لە وڵاتی ئیسپانیادا، هەروەها رووبەڕووی کوشتن نابنەوە، من نەبیستووە هیچ کەتەلۆنییەك بکوژرێت، ئەمە لە کاتێکدا کورد رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بۆتەوە، بەکارهێنانی زمانەکەی لێ قەدەغە کراوەو هەموو ئەمانە روویانداوە و خەڵکی ئەمریکا شارەزایی و زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەیەوە نییە. دواتر با ئێمە ئاوڕێك لە بزووتنەوەی زایۆنی بدەینەوە و بزانین چۆن کاریان کردووە، ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتادا ئامانجی بەرزەفڕانەی نەدەخستەڕوو- ئەگەرچی ئەم ئامانجانەشیان هەبوو، بۆ نموونە لە سەرەتادا و لە ساڵی ١٩١٧ لە سەروەختی بەڵێنەکەی بەلفۆر، رازی بوون بە بوونی نیشتمانێك بۆ جوولەکە، واتە باسی دەوڵەت نەکرا، بەڵکو باسی نیشتمانێك کرا، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە. مەبەستم ئەوەیە پێویستە کوردیش سەرەتا ئەوە بخاتەڕوو کە ئەوان توانیویانە حوکمڕانییەکی باش ئەدا بکەن و کاروبارەکانی خۆیان بە باشی هەڵسووڕێنن. چونکە هیچ کەسێك نایەوێت ئەزموونێکی دیکەی وەك سوودانی باشوور دووبارە ببێتەوە، کە ئێمە بینیمان ئەمریکا پشتیوانی لە جیابوونەوەی باشووری سوودان کرد، بەڵام دواتر ئەو دەوڵەتە نوێیە دووچاری شەڕی ناوخۆیی بوویەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردەی گەندەڵیان هەبووە، راستە دابەشبوونی قووڵ هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام هۆکارەکە بوونی سەرکردەی گەندەڵکارە. بە کورتی دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر کورد پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەدەست نەهێنێت، ئەوا

**دەبێت ئێوەش لە رێی نوێنەرەکانتانەوە ئەم پرسە لە واشنتۆن بوروژێنن و دەنگ بەرزبکەنەوە و رایبگەیەنن کە ئێوە قوربانیی دەستی دەستتێوەردانی ئێرانن لە عێراقدا و ئێوەش بەرهەڵستی ئەو دەستتێوەردانە دەکەن کە ئێران لە عێراقدا ئەنجامی دەدات**

**کەتەلۆنییەکان خاوەنی دەنگی تەواون لە نێو حکومەتی مەرکەزیداو گەشەکردووترین ناوچەن لە وڵاتی ئیسپانیادا، هەروەها رووبەڕووی کوشتن نابنەوە، من نەبیستووە هیچ کەتەلۆنییەک بکوژرێت، ئەمە لە کاتێکدا کورد رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بۆتەوە، بەکارهێنانی زمانەکەی لێ قەدەغە کراوەو هەموو ئەمانە روویانداوە**

**ئەو دەسەڵاتدارانەی حوکمڕانی بەسەر کورددا دەکەن لەو وڵاتانەدا پاساو و بناغەی ئەخلاقییان لەدەست داوە بۆ حوکمڕانییەکەیان، چونکە ئەوان ستەم و خراپەکاری بەرامبەر بە کورد دەکەن**

**خەڵکی ئەمریکا شارەزاییەکی کەمیان هەیە لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەبارەی کورد و ئێش و ئازارەکانی کورددوە لەسەر دەستی تورکیا و ئێران و عێراق، هەروەها ئاشنا نین بەوەی ئیدارەی ئەمریکا پشتی لە کورد کردووە، کە ئەمە لە ساڵانی حەفتاکانیش روویدا**

کاراکتەرە خراپەکان کورد رووبەڕووی دژواری دەکەنەوە. ئێستاش ئەگەر سەرنج بدەین لەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت، ئەوا من باوەڕم وانییە حکومەتی عێراق دەسەڵات بەسەر هەموو هەرێمی کوردستاندا بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام هەوڵ دەدات هەرێمی کوردستان لە سنوورێکی دیاریکراودا بێت و لەوە زیاتر بەرفراوان نەبێت. بە دڵنیاییەوە حکومەتی عێراقی نایەوێت کەرکووك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەش بکات. خۆ ئەگەر لێرەدا ئاوڕێك لە دۆخی کوردی سووریاش بدەینەوە، ئەوا من باوەڕم وایە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکرێت کە کوردی ئەو وڵاتە ببنە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دەبێتە بناغەیەك بۆ جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ سەربەخۆیی. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی روویدا مایەی کارەسات بوو، کە هیچ هێزێکی رۆژئاوایی کاردانەوەی نەبوو، تەنانەت سەرۆك ترەمپیش رایگەیاند کە ئەگەر حکومەتی عێراق دەیەوێت کەرکووك بگرێتەوە، ئەوا ئێمە لایەنگری هیچ لایەك ناکەین. کەواتە جارێکی دیکە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە دەبێت کەیسی کورد روون بکرێتەوە و بخرێتەڕوو، بەتایبەتی لە واشنتۆن، ئەگەرچی نابێت پایتەختەکانی دیکەش فەرامۆش بکرێت، وەك لەندەن و پاریس و هەر پایتەختێکی دیکەی کە بتوانن. من قوتابییەکم هەبوو بە ناوی «کلیڤەر بۆب» کە دواتر کتێبێکی نووسی لەبارەی ئەوەی چ شتێك سەرکەوتن و شکستی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەیی لێك جیادەکاتەوە، کە ئەو پێیوایە یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرکەوتن بریتییە لە برەودان و پەرەپێدانی پەیوەندیی گشتی، کە ئەو ئاماژە بە کەسایەتییەکی وەك «کێن سارۆ ویوا» دەکات کە سەرکردەی نەتەوەیەکی بچووکی نێو نەیجیریا بوو کە زۆر سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی- ئەگەرچی ئامانجەکەی خۆشی بەدەست نەهێنا-. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە چەندەها نەتەوە و پێکهاتە سەرکەوتوو بوون لەوەی کاریگەر بن بەسەر واشنتۆنەوە لە رێی رەوانەکردنی نوێنەری بەتوانا کە لێبڕاوانە بەشدار بوون لە بەرنامە گفتوگۆئامێزەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکا، با لێرەدا ئەوەش بڵێین کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کەوتۆتە ژێر کاریگەری کاری کەسانی دیکەوە، وەك ئەوەی چینییەکان لە ساڵانی پەنجاکاندا کردیان، هەروەها ئیسرائیلییەکان و یۆنانی و ئەرمەنی و جۆرجییەکان، واتە پێویستە ئێوە دیراسەتی ئەم حاڵەتانە بکەن کە چۆن تەنانەت دەوڵەتە بچووکەکانیش توانیویانە کاریگەر بن بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بگرە کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانیش، بۆ نموونە کەسێکی وەك «جۆناس سەڤیمبی» کە سەرکردەی گرووپێکی یاخیگەری بوو لە ئەنگۆلا، بەردەوام لە واشنتۆن بوو و بەردەوام لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکاوە دەردەکەوت، کە زۆر کەس پێیانوابوو کەسێکی مەزنە، لە کاتێکدا ئەو کەسێکی زۆر خراپیش بوو. بەڵام ئەگەر ئێمە لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ لێدوانەکەی ترەمپ کە باسی لەوە کرد ئەمریکا لایەنگیری لایەنێکی دیاریکراو ناکات، ئەوا حاڵەتێکی سەیر بەدی دەکەین، چونکە رووداو و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە بوونە هۆی بەهێزبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئێران وڵاتێکی دوژمنە، کە لێرەدا دەبێت ئەو راستییە بخرێتەڕوو کە ئێران دەستی شاردراوە بووە لە هێرشەکەی بەغدا بۆ سەر کەرکووك. من وتم سەیرە، لەبەر ئەوەی کەس ئەم خاڵەی نەوروژاندوە لێرە، ئەمە لە کاتێکدا زۆر باس لە گرنگی ئیحتیواکردنی ئێران دەکرێت و ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئێران کاراکتەرێکی خراپە و دەبێت ناچار بکرێت رەفتارەکانی راست بکاتەوە، ئەگەرنا نابێت بەردەوام بین لەسەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، کەچی نابینیت باس لەوە بکەن کە یەکێك لە خراپەکارییەکانی دیکەی ئێران ئەوەی کە هەڵدەستێت بە هاندان و هەڵنانی حکومەتی عێراق بۆ پێشێلکردنی مافەکانی کورد، کە دەبێت ئێوەش لە رێی نوێنەرەکانتانەوە ئەم پرسە لە واشنتۆن بورووژێنن و دەنگ بەرزبکەنەوە و رایبگەیەنن کە ئێوە قوربانیی دەستی دەستتێوەردانی ئێرانن لە عێراقدا و ئێوەش



بەرهەڵستی ئەو دەستتێوەردانە دەکەن کە ئێران لە عێراقدا ئەنجامی دەدات. هەروەها من لێرەدا دەمەوێت باس لە بابەتێکی دیکە بکەم ئەویش ئەوەیە کە دەبوو کورد لە سەروەختی شەڕی دژ بە داعشدا لێتێگەیشتنێك، یان ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ ئەمریکادا واژوو بکردایە و تێیدا کورد داوای ئەوەی بکردایە کە لە بەرامبەر هاوکاریکردنیان بۆ شەڕی دژ بە داعش، ئەوا دەبێت ئەمریکا بەڵێنی ئەوەی بدایە گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی سیاسیی خۆیدا بکردایە لەبەرامبەر پرسی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کورد، چونکە ئەمە دووەم جارە کە ئەمریکا زۆر بە خراپی پشت لە کورد بکات، کە جاری یەکەم لەلایەن هێنری کیسەنجەرەوە بوو لەساڵی ١٩٧٤دا. بەڵام هەرچۆنێك بێت، کورد مافی خۆیەتی هەست بکات ئەمریکا دەستەبەرداری بووە، ئەگەرچی من پێموانییە ئەمە دوایین جار بێت ئەمریکا پێویستی بە کورد بێت، چونکە لە ئایندەدا جارێکی دیکە پێویستی بە هەماهەنگیکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ کورددا دەبێت. لێرەدا من جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ راسپاردەکەی پێشووم و پێموایە پێویستە نوێنەری ئێوە لە واشنتۆن بەردەوام و بە لێبڕاوی چەند خاڵێك دووبارە بکاتەوە و روونیان بکاتەوە و بیانخاتەڕوو. ئیدی ئەو خاڵانە پەیوەست بن بە خواستی سەربەخۆیی، یان خۆبەڕێوەبەرییەوە. چونکە بە راشکاوی دەیڵێم من نابینم وەك پێویست کار بۆ کەیسی کورد کرابێت لە نێو راگەیاندنی ئەمریکادا، من سەروتارێك نابینم لە نیویۆرك تایمز، یان واشنتۆن پۆستدا لەو بارەیەوە. خۆ ئەگەر بێتو ئێوە بتوانن ئەم کارە بکەن، ئەوا کاریگەریتان دەبێت. با من ئەوەشتان پێ بڵێم کە خەڵکی ئەمریکا زۆر سەرقاڵن، بەڵام کاتێك پرسەکانیان بۆ دەخەیتەڕوو و بۆیان روون دەکەیتەوە، ئەوا گوێت بۆ دەگرن.

**ئەگەر من لە جێی سەرکردایەتی کورد بوومایە، ئەوا بایەخم بە پەرەپێدانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدا لەگەڵ رۆژئاوادا، واتە هەڵدەستام بە رەوانەکردنی باشترین و کارامەترین کەسەکان بۆ رۆژئاوا و بەتایبەتی بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی لەوێدا بمێننەوە و کەیسی کورد بخەنەڕوو**



### بابەکر زێباری

### سوپاسالاری پێشووی عێراق بۆ گوڵان:

# جگە لە بەرگریی بژارەیەکی دیکەمان نییە

**دوای نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەرەکانی پردێ و مەخموور و تەلەسقوف و زومار و سحێلا و دووبارە رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی کە نەک تەنیا هێرشیان کردۆتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو چەندین پێشێلکارییان بەرامبەر خەڵکی مەدەنی ئەنجامداوە، لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤارەکەماندا بۆ میحوەری سحێلا دیدارێکمان لەگەڵ بابەکر زێباری سوپاسالاری پێشووی عێراق ئەنجامدا، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** دوای داگیرکردنی کەرکووك و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی کوردستان تا ئێستا حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بە هاوکاریی ئێران هەڕەشەی سەربازی دژ بە هەرێمی کوردستان دەکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا بەغدا نییەتی چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە لە دوای رووخانی رژێمی سەدامیشەوە گۆڕانکاری بە سەر عەقڵییەتی سەرکردە عێراقییەکاندا نەهاتووە بەرامبەر کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیار بوو عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی و دیموکراسی و پێکەوەژیان بونیاد بنرێتەوە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەوان عەقڵیەتی پێشوویان هەر ماوە، ئەو کاتەی من لە بەغدا بووم و دوای هاتنەوەشم بۆ کوردستان بە دەیان پێشێلکاری دەستووری و یاسایی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرا کە گرنگترینیان مەسەلەی جێبەجێ نەکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ و دواخستنی دەرکردنی یاسای نەوت و غاز بوو. ئەوان دەیانویست لە رێگەی دواخستن و جێبەجێنەکردنی ئەم ماددە دەستوورییانەوە پاساوێك بهێننەوە بەوەی ماددەکە مردووەو جێبەجێکردنی زەحمەتە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ماددەیەکی دەستووری چۆن دەمرێت؟ چونکە خەڵکێکی زۆر دەنگیان لەدەست داوە. هەمووشمان دەزانین ماددەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بوو بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووك، لە یاساکەشدا بە روونی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی باس کراوە، هەر لە ئاساییکردنەوە تا دەگاتە سەرژمێری و دواقۆناغیشی ئەنجامدانی ریفراندۆمە، بەڵام ئەوان دەیانزانی کە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئامادە نەبوون جێبەجێی بکەن. لە دوای شەڕی داعش و ئازادکردنی ئەم ناوچانە و پاراستنی خەڵکەکەشی بەغدا ئەمەی پێ قبووڵ نەبوو، بە بەردەوام داوای دەکرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم ناوچانە چۆڵ بکەن، لە کاتێکدا ئەمە دژی ئەو رێککەوتنانە بوو کە لەنێوان هێزی هەرێم و بەغدا کرابوون، ئەوان تەنانەت ئەوان پێیان قبووڵ نییە ئەو دەستکەوتانەی کە گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ بەدەستی هێناوە، وەك خۆی بمێنێتەوە، هەربۆیە بەردەوام بەدوای پاساوێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی گەلەکۆمەکی لە کورد بکەن و بە تەواوەتی هەڕەشە لە ئەزموونەکەی بکەن و کوردستان داگیربکەنەوە، ئەوە بوو ریفراندۆم و داخوازی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کرایە پاساوێك بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەمەش تەواوکردنی ئەم سیاسەتانەیە کە پێشتر لە عێراق پیادە کرا، وەك بڕینی بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستان و بڕینی بودجەو هاوکارییە سەربازییەکان لە هێزی پێشمەرگە. هەربۆیە گەورەترین کێشە لە ئێستادا مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەی کە ناتوانێت لێکتێگەیشتنی بۆ دۆزی کورد هەبێت، ئەوان ویستی داگیرکاری و دژایەتیکردنیان بۆ کورد لە سەدام خراپترە، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت.

*** لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی بەشێك لەهێزەکانی پێشمەرگە بە بێ ئاگاداری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمەش جۆرێك لە پەرتەوازەیی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگە دروست کرد؛ ئایا باڵێکی ناو یەکێتی ئەم رێککەوتنەی چۆن کردو لەگەڵ کێ کردی و دەرئەنجامەکانی چۆن دەبێت؟**

- بەداخەوە هەندێك لە برادەرانی یەکێتی کارێکی زۆر خراپیان بەرامبەر گەلی کوردستان و حزبەکەشیان کرد، ئەوەتا دۆخەکە بەوە گەیشتووە کە بەرپرسێکی ئەوان دێت و دەڵێت ئەوەی لە دوزخورماتوو روودەدات، کۆمەڵکوژییە. دواتر چۆن دەبێت رێککەوتنێك لە نێوان دوو کەسدا بکرێت، کە سیفەتێکی رەسمییان نییە بۆ دروستکردنی هەرێمی دیکە، کە تەنانەت سەرۆك وەزیرانی عێراق رەتیکردەوە کە رازی بێت بە دروستکردنی هەرێمێکی تر لە کوردستاندا. بەڵام ئەوەتا ئەم کارە نابەجێیە دووبەرەکی خستە ناو کوردەوە. کەواتە ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر روویدا خیانەتێکی گەورە بوو دەرهەق بە نەتەوەی کورد. ئەوەتا ئێوە دەبینن کە چەندەها خەڵك لە کەرکووك و خورماتوو ئاوارە بوون و ماڵیان تاڵان کراوە.

*** باشە باس لەوە دەکرێت کە ئێوە پێشتر رێککەوتنتان لەگەڵ سوپای عێراقدا کردووە بۆ ئەوەی ئەوان هەندێ هێز لە چەند ناوچەیەك جێگیر بکەن، دەکرێت باسی ئەمەمان بۆ بکەن؟**

- من لەم میحوەرە بووم و لەپەیوەندیدا بووم لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی. پێشمەرگە لە زومار و رەبیعە رێککەوتنی هەبوو

**بڕیاردان بە کشانەوەی پێشمەرگە لەکاتی شەڕداو بەردانی سەنگەرەکان و کوشتنی برا پێشمەرگەکان خیانەتێکی گەورەیە، جەنابی کاک مسعود بارزانی لە سلێمانی لەگەڵیاندا کۆبووەوە بۆ پێیان نەوت ئەوان رێککەوتنیان کردووە و ناتوانن شەڕ بکەن و دەکشێنەوە و سەنگەرەکان بەردەدەن؟**

**بەغدا فیدراڵیەت بەگەلی کوردستان رەوا نابینێت. من لە زۆر لە سەرکردەکانیانم بیستووە کە دەڵێن ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستان روویداوە، وەکو رومادییە و موسڵی لێدەکەین و وێرانی دەکەین**

**تا ئێستا چەند دانیشتنێکی سەربازی بە هەماهەنگی و چاودێری ئەمریکا ئەنجامدراوە، بەڵام نەگەیشتووینەتە هیچ رێککەوتنێک، ئەوان هەر دەیانەوێت بە زەبری هێز و سوپا کوردستان داگیربکەن، هێرشەکانی پردێ و مەخموورو تلسقوف و دواتر هێرشە گەورەکەیان لە زومار کە تەنانەت موشەکی ئێرانیشیان بەکار هێنا، بەڵگەی ئەم راستییەن**

**لە شنگال حەشدی شەعبی و پەکەکە ئیدارەیان دامەزراندووە. ئەوان دووبارە کوردانی ئێزیدییان ئاوارە کردەوە و ماڵ و حاڵیان تاڵان کراو خەڵکیان رفاندووە. پۆلیسی فیدراڵی عێراق خۆیان پێیان وتین حەشد لە مەخموور هیچی نەهێشت، نە نەخۆشخانە و نە قوتابخانە و نە ماڵ و حاڵی خەڵکی، هەر هەموویان تاڵان کرد**

**لە نیزامی نوێی سوپای عێراق نابێ سوپا لە ١٥ کیلۆمەتر کەمتر نزیک لە سنوور بێت، پاراستنی سنوور ئەرکی هێزەکانی پاسەوانانی سنوورە تا ئەو کاتەی مەترسییەک بۆ سەر وڵاتەکە هاتە پێش ئەوکات بە فەرمانی سەرۆک وەزیران کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە سوپا بۆ سەر سنوورەکان دەجووڵێنێت**

**سوپا و حەشدی شەعبی دەیانەوێت کۆنترۆڵی سێگۆشەی پیشخاپوور بکەن و لەدەستی هەرێمی کوردستان دەریبهێنن و کوردستانی رۆژئاواو باشوور لە یەکتر داببڕن، کە ئەگەر ئەمە روویدات ئەوا دەروازەی ئیبراهیم خەلیل هیچ بەهایەکی مەعنەوی و ئابووری نامێنێت**

لەگەڵ سوپای عێراقدا بۆ ئەوەی ئەوان فەوجێك بهێننە زومار و فەوجێکیش بۆ رەبیعە، بەڵام ئەوان سوپا و حەشدی شەعبییان هێنا، واتە لە بری چەند فەوجێك دوو لیوایان هێنا. ئەوە بوو ئێمە پێمان راگەیاندن کە دەبێت لەو سنوورەدا رابوەستن و چیتر رێگەتان پێنادەین پێشڕەوی بکەن، بەڵام ئەوان دەیانویست بچنە ئیبراهیم خەلیل و قەرەولا. واتە سوپا و حەشدی شەعبی دەیانەوێت کۆنترۆڵی سێگۆشەی پیشخاپوور بکەن و لەدەستی هەرێمی کوردستان دەریبهێنن و کوردستانی رۆژئاواو باشوور لە یەکتر داببڕن، کە ئەگەر ئەمە روویدات ئەوا دەروازەی ئیبراهیم خەلیل هیچ بەهایەکی مەعنەوی و ئابووری نامێنێت. چونکە ئەو کاتە هەناردەکردنی نەوت و غاز و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەوێتە دەستی عێراقەوە. هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان خاکێکی زۆر داگیر بکەن و خەڵکەکەش لەو ناوچەیەدا ئاوارە بێت. کوردستان رێگەی نەدا ئەم کارە لە سەردەمی سەددام حوسێندا بکرێت و ئێستاش رێگە نادات ئەم کارە بکرێت. من دووجار لەگەڵ شاندی سەربازی عێراق دانیشتم و پێموتن مەسەلەی قەرەولا و دروستکردنی پرد و رێگەیەکی نوێ لە مێشکی خۆتان دەربهێنن، چونکە لە نیزامی نوێی سوپای عێراق نابێ سوپایی لە ١٥ کیلۆمەتر کەمتر نزیك لە سنوور بێت، پاراستنی سنوور ئەرکی هێزەکانی پاسەوانانی سنوورە تا ئەو کاتەی مەترسییەك بۆ سەر وڵاتەکە هاتە پێش ئەوکات بە فەرمانی سەرۆك وەزیران کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە سوپا بۆ سەر سنوورەکان دەجووڵێنێت. تەنانەت نابێت بە هیچ هۆکارێك ئەم سوپایەی کە دامەزراوە چەك و تەقەمەنی دژی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی خۆی بەکار بهێنێت، ئێمە پێمانوتن دەبێت شاندێکی سیاسی بێت، چونکە شاندی سەربازی فەرمانی پێکراوە و دێت دەڵێت من پێم راگەیەنراوە دەبێت ئەوە جێبەجێ بکەم، واتا بە هیچ شێوەیەك رێککەوتن و گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ شاندی سەربازی ناکرێت، باشە وا رێگەمان پێدان بە ناوبژیوانی ئەمریکا و بە ئیدارەیەکی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگە لەم ناوچەیەدا هێزەکانی سوپای عێراق جێگیر بن. باشە چ گرەنتیەك هەیە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی ناچێتە ئیبراهیم خەلیل و قەرەولا؟ کەواتە من دەڵێم ئەم بابەتانە و چەندین پرسی دیکە دەبێت لیژنەیەکی رێپێدراو و شارەزا لە دەستوور دابنیشێت و گفتوگۆ و دانوستاندنی لەسەر بکرێت، ئەوانیش هەر دەڵێن دەبێت بە دەستوور چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەوان ئەم لیژنەیە نانێرن؟ مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان نایانەوێت گرفت و کێشەکان چارەسەر بکەن. بەپێچەوانەوە دەیانەوێت بە زەبری هێز دەسەڵاتی خۆیان فەرز بکەن و کوردستان داگیر بکەن کە نە میللەت و نە پێشمەرگەی کوردستان ئەمەی قبووڵ نییە. دواتر هێزی چەکداری ئەوان چۆتە هەر شوێنێك خەڵکەکەی ئازار دەداو ماڵ و حاڵیان تاڵان دەکات، تۆ بزانە ئێستا لە عێراق حەشد حوکم دەکات، ئەوەتا لە شنگال حەشدی شەعبی و پەکەکە ئیدارەیان دامەزراندووە. ئەوان دووبارە کوردانی ئێزیدییان ئاوارە کردەوە و ماڵ و حاڵیان تاڵان کراو خەڵکیان رفاندووە. پۆلیسی فیدراڵی عێراق خۆیان پێیان وتین حەشد لە مەخموور هیچی نەهێشت، نە نەخۆشخانە و نە قوتابخانە و نە ماڵ و حاڵی خەڵکی، هەر هەموویان تاڵان کرد، ئەمە چ دەوڵەتێکە.

*** ئایا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێت دڵنیایی بە خەڵکی کوردستان بدات کە رێگە نادات ئەو هێزە وەحشی و تاڵانچییە هێرش بکاتە سەر کوردستان، بەتایبەتی دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە خەڵکی کوردستان رووبەڕووی نائارامی بوونەتەوەو هەڕەشەی کۆمەڵکوژییان بەرامبەر دەکرێت؟**

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزە، هەموو دنیا نەبەردییەکانی پێشمەرگەی دژی داعش بینی، من دڵنیام ئەگەر لە میحوەری کەرکووك شەڕ بکرایە حەشدی شەعبی و هێزە چەکدارەکانی تری عێراق نەیاندەتوانی بۆ ناو کەرکووك پێشڕەوی بکەن، بڕیاردان بە کشانەوەی پێشمەرگە لەکاتی شەڕداو بەردانی سەنگەرەکان و کوشتنی برا پێشمەرگەکان خیانەتێکی گەورەیە، جەنابی کاك مسعود بارزانی لە سلێمانی لەگەڵیاندا کۆبووەوە بۆ پێیان نەوت ئەوان رێککەوتنیان کردووە و ناتوانن شەڕ بکەن و دەکشێنەوە و سەنگەرەکان بەردەدەن؟ تۆ بزانە کاتێك لە پردێ و مەخموور و زومار رێگەمان نەدا تێپەڕ بن، لە کاتێکدا ئەوان سوپایەکی گەورەیان هێنابوو- کە لێرەدا من باسی شەڕەکەی پردێ

دەکەم- کە لەتەمەنی سوپای عێراقدا روویـنەداوە ئەو هەموو موشەك و تۆپبارانە بکرێت لەو پانتاییە بچووکەدا، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی تانك و زرێپۆش و ئامێری پێشکەوتووی سەربازی و هاوکاری وڵاتی ئێران. من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە مەترسییەکە ئەوەیە ئەوان هێزێکی هاوشانی سوپای عێراقیان دروستکردووە، کە هێزی حەشدی شەعبییە و ئەمەش دووبارەکردنەوەی ئەزمونی سوپای پاسدارانی ئێرانە، چونکە ئەوان بە قسەی خۆیان دەیانەوێت سوپایەکی عەقائیدیان هەبێت هاوشان بە بوونی سوپای وڵاتەکە..

* **دواگفتوگۆکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق کە بە چاودێری شاندێکی سەربازی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت بەکوێ گەیشت؟ ئایا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی چییان دەوێت، بەتایبەتی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان تۆمەتبار کردووە بەوەی پەشیمان بوونەتەوە لە رێککەوتنەکە لەکاتێکدا وەزارەتی پێشمەرگە راگەیاندنێکی بلاوکردەوەو باسی ئەوە دەکات کە هیچ رێککەوتنێك تا ئێستا نەکراوە؟**

- با سەرەتا ئەوە بڵێین کە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق خۆی رایگەیاند کە تا ئێستا گفتوگۆ و دانوستاندن ئەنجام نەدراوە، ئەوەی رووددات تەنیا پێراگەیاندنە، منیش پێم سەیر بوو کاتێك رایانگەیاند گوایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر رەشنووسەکەی سوپای عێراق پەشیمان بوونەتەوە، بەڵام ئەوە رەشنووسی خۆیانە نەك رێککەوتن، فەرماندە سەربازییەکانی عێراق توانای گفتوگۆ و دانوستاندنیان نییە، ئەوان فەرمان جێبەجێ دەکەن و پێیان راگەیەنراوە کە دەبێت پیشخاپوور و ئیبراهیم خەلیل و تەواوی ئەو ناوچانە داگیربکەن، تا ئێستا چەند دانیشتنێکی سەربازی بە هەماهەنگی و چاودێری ئەمریکا ئەنجامدراوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێك، ئەوان هەر دەیانەوێت بە زەبری هێز و سوپا کوردستان داگیربکەن، هێرشەکانی پردێ و مەخموورو تلسقوف و دواتر هێرشە گەورەکەیان لە زومار کە تەنانەت موشەکی ئێرانیشیان بەکارهێنا، بەڵگەی ئەم راستییەن، ئەگەرچی ئەوان لەهەموو هێرشەکانیان شکستیان هێنا، ئێستاش ئێمە زانیاریمان هەیە لەسەر ئەوەی ئەوان بەنیازی ئەنجامدانی هێرشێکی بەربلاون، لە سحێلا و تەلەسقوف و مەخموور، بەڵام رەنگە لە پردێ نەبێت، لەبەر ئەوەی وەك زانیاری هەیە ئەوان لە کەرکوك هەندێك هێزیان کشاندۆتەوە و لەشکرکێشییان زیاتر بۆ ئەو ناوچانە کردووە کە ئاماژەم پێکردن.

* **ئەو ملهوڕی و پێداگرییەی بەغدا بۆ بەردەوامبوون لەسەر هێرشی سەربازی بۆ سەر گەلی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بۆچی ئەمەریکا بەرامبەر ئەم پێشێلکارییانە بێدەنگە؟**

- پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە بەغدا فیدراڵیەت بەگەلی کوردستان رەوا نابینێت. من لە زۆر لە سەرکردەکانیانم بیستووە کە دەڵێن ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستان روویداوە، وەکو رومادییە و موسڵی لێدەکەین و وێرانی دەکەین، ئێ باشە ئەمە بۆچوونیان بێت، ئیدی جیاوازی ئەوان لەگەڵ سەددامدا چییە؟ دواتر من زۆر لەگەڵ ئەو راوبۆچوونەدا نیم کە ئەمریکا بێدەنگە، چونکە ئەوەتا رێگەیان نەداوە بەغدا فڕۆکەی سەربازی و هیلیکۆپتەری سەربازی دژی ئێمە بەکار بهێنێت، تەنانەت نەیانهێشت تانکەکانی خۆیان کە لای فرقەی نۆیە، بێتە شەڕەکەوە، ئەگەر بڵێین بۆچی حەشدی شەعبی تانکی ئەبرامزی بەکارهێنا لە دژی کورد، ئەوا مەسەلەکە ئەوەیە کە پێشتر و لە کاتی بە هاناوەچوونی سوپای عێراق بۆ حەشد، ئەوا هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستیان بەسەر ئەم تانکانەدا گرتووە و نەیانگەڕاندۆتەوە بۆ سوپا، بەڵام بە گشتی بێدەنگی هەیە لەلایەن ئەمریکاوە و لە راستیدا منیش سەرم لەمە سوڕماوە، هەروەها ئەوەتا خەڵکی خۆشیان لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەن، هەر چەند رۆژێك پێش ئێستا چەند کۆنگرێسمانێك لەبەردەم کۆنگرێسدا کۆبوونەوە و باسیان لەمە کرد.

* **دوا پەیامتان چییە؟**

لە ئێستادا کوردستان بە دۆخێکی هەستیاردا دەڕوات، جگە لە رێگای بەرگری بژاردەیەکی دیکەشمان لە بەردەمدا نییە، چونکە خۆ ناکرێت تۆ خۆت بەدەستەوە بدەیت، کە بە دڵنیاییەوە ئێمەش بەرگریمان پێدەکرێت و ئیرادەی پێشمەرگە لە شکان نایەت. بەرگری پێشمەرگەش لە ماوەی رابردوو شایستەی ئەوەیە بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە. دواتر ئەوان ئیرادەیان لاوازە، ئەوان نازانن بۆ شەڕ دەکەن، بەڵام پێشمەرگە بەرگری لە شەرەف و لە خاکی خۆی دەکات.

**هەندێك لە برادەرانی یەکێتی کارێکی زۆر خراپیان بەرامبەر گەلی کوردستان و حزبەکەشیان کرد، ئەوەتا دۆخەکە بەوە گەیشتووە کە بەرپرسێکی ئەوان دێت و دەڵێت ئەوەی لە دوزخورماتوو روودەدات، کۆمەڵکوژییە**

**گەورەترین کێشە لە ئێستادا مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەی کە ناتوانێت لێکتێگەیشتنی بۆ دۆزی کورد هەبێت، ئەوان ویستی داگیرکاری و دژایەتیکردنیان بۆ کورد لەسەددام خراپترە، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت**

**لە دوای رووخانی رژێمی سەددامیشەوە گۆڕانکاری بە سەر عەقڵییەتی سەرکردە عێراقییەکاندا نەهاتووە بەرامبەر کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیار بوو عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی و دیموکراسی و پێکەوەژیان بونیاد بنرێتەوە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەوان عەقڵیەتی پێشوویان هەر ماوە**



**دکتۆر کاوە مەحمود**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەڕەشەکردن لە کوردستان بە هێزی سەربازی هەوڵدانی بەغدایە بۆ هەڵوەشانەوەی دەستووری عێراق

**رۆڵی گەورەی کاک مسعود بارزانی بە پۆست و پلەیەک تەواو نابێت، لای ئەو پێشمەرگایەتی لە هەموو پلەو پۆستێک گەورەترە**

**لە شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی پشتگیریلێکراو لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بە چاوساخی و خیانەتی کۆمەڵێك کوردی خۆفرۆش کەرکووکیان داگیرکردەوە و پاشانیش بارودۆخێکی کارەساتئامێز هەموو کوردستانی گرتەوە، بەڵام نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەرەکانی پردێ و سحێلا و تەلەسقۆف جارێکی دیکە هاوکێشەکەی گۆڕی و جیهانی بە ئاگا هێنایەوە، بۆیە لەم بارودۆخە سەختەدا پرسیار ئەوەیە ئایا رووداوەکان بەرەو کوێ دەچن؟ کوردستان چۆن هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش هەڵدەگرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەرێکی دیکە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ کاوە مەحمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان کوردستان و عێراق هەست بە جۆرێك لە نائومێدبوون دەکرێت، ئایا چۆن ئەم رەوشە دەخوێنیتەوە؟**

- ئەم بارودۆخەی ئێستا هاتۆتە پێشەوە کۆمەڵێك رەهەند لەخۆ دەگرێت، یەکێك لە رەهەندەکانی پەیوەندی بە قەیرانی بونیەویی هەیکەلی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، رووداوەکانی ئەم دواییەش رەنگدانەوەی دژوارترین حاڵەتەکانی قەیرانەکەیە، بەتایبەتی پەنابردنە بەر شێوازی سەربازی لەلایەن بەغداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش هەوڵدانێکی بەغدایە بۆ هەڵوەشانەوەی دەستوور و هەموو ئەو رێککەوتنانەی کە عێراقی نوێی لەسەر بنیادنراوە. هەر بۆیە ئەمەی ئێستا لوتکەی قەیرانی دەوڵەتی عێراقە، بەتایبەتی کە پەنای بردووە بۆ هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەمەش زیاتر ئەم هیزەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتۆتە ناو تەواوی جومگە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەکانی عێراقەوە. ئەم هێرشە سەربازی و پەلاماردانانەی حەشدی شەعبیش تەنیا ئەوە نییە حکومەتی عێراق دەستنیشانی کردبێت، بەڵکو هەروەکو ئەوەی بەشێك لە لایەنە شیعەکان باسی دەکەن کە کەسانێکی وەکو قاسم سولەیمانی بڕیاری هەموو ئەمانەی داوە و بگرە هەر خۆشی فەرمانی بە عەبادی داوە. لایەنی دووەمی ئەم رووداوانە بریتییە لە فاکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان کە پەیوەندی بە خودی ململانێیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە هەیە، ئەوەتا ئێران بە ئاشکرا باس لە دوا بزماری تابووتی پرۆژەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکات و حزبوڵلای لوبنانی بانگەشە بۆ ئەم حاڵەتە دەکات، هەربۆیە پێموایە ئەم ململانێیە زۆر لەوە گەورەترە کە وابزانین تەنیا پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە هەیە، بەڵکو پرسەکە هەمەلایەنە و زۆر لەوە گەورەترە.

*** ئایا ئەم دۆخە ناسەقامگیرییە سیاسی و سەربازییە لە ناوخۆی کوردستاندا هەر وا دەمێنێتەوە؟**

- ئەوەی لە کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان روویدا، بە تەواوی دەرئەنجامەکانیشەوە، نە شکستی سیاسییە، نە شکستی سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. بەپێچەوانەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و مەخموور و تەلەسقۆف و زومار و سحێلا گەورەترین داستانی قارەمانیەتییان تۆمار کرد. لەبەرامبەر ئەمەدا کەسانێك دەیانەوێت بەو جۆرە شیکردنەوە بۆ بارودۆخە بکەن وەك ئەوەی لەگەڵ شکستی حوزەیرانی دەوڵەتانی عەرەبی بەرامبەر ئیسرائیل بەراوردی بکەن، بەمەش دەیانەوێت گیانی مقاوەمەت لە ناو خەڵکی کوردستاندا خامۆش

**هەر گرووپێک لەگەڵ دوژمنی گەلەکەی مامەڵەی کردبێت، ئەگەر زۆر بێت، یاخود کەم، سیفەتی نیشتمانپەروەری نامێنێت**

**جەنابی کاک مسعود بارزانی یەکێکە لە سەرکردە مێژووییەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، کەسێکی تێکۆشەر و راستگۆیە و بەرنامەو پرۆگرامی خۆی هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلەکەی**

**دەنگی سێ ملیۆن و نیو مرۆڤ بۆ سەربەخۆیی، نە بە عێراق و نە بە هەڵوێستی شەرمەزاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەسڕێتەوە، ئەمە بە مردوویی ناچێتە مێژووەوە، بەڵکو چارەنووسی داهاتووی ئەم گەلە دەبێت**

**هەڵەی سیاسەتی ئەمریکا لە تەواوی عێراق و ناوچەکە نەک تەنیا دژی کورد و گەلانی ناوچەکە، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانی خودی خۆشیان دەرکەوتووە**

**دوژمنانی کوردستان دەیانەوێت کیانی یاسایی هەرێم نەمێنێت. بۆیە ئەمڕۆ لە هەمیشە زیاتر پێویستیمان بە یەکریزی نیشتمانی واقیعبینانە هەیە**

بکەن، بەڵام ئەوەی راستییە و دەیبینین گیانی مقاوەمەت هەر بەرزەو داستانەکانی پێشمەرگەش شاهیدی ئەم راستییەن. ئێمە لەناو پرۆسەیەکداین و تا ئێستا ئەو پرۆسەیە تەواو نەبووەو بەردەوام لە تەفاعولدایە، هەر بۆیە گەشبینم لەوەی گەلی کوردستان خاوەنی وزەیەکی گەورەی مرۆییە و رۆحی موقاوەمەتی تێدایە بۆ بەرگریکردن و رووبەڕووبوونەوەی رووداوەکان.

*** بەڵام ئایا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان توانای ئاراستەکردنی ئەو رۆحیەتەیان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەو لێکترازان و حاڵەتە نەخوازراو و نانیشتمانییەی لەناو باڵێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان روویدا؟**

- لەم قۆناغەدا ئەرکێکی گرنگ و قورسمان دەکەوێتە سەر شان و دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین لایەنە سیاسییەکان لە شاڵاوی راگەیاندن و یەکتر تۆمەتبارکردن دوور بکەوینەوە، زەمینەیەك دروست بکەین نەخشەی دووئیدارەیی هەڵبوەشێنینەوە کە هەوڵی دروستکردنی دەدەن، لەبەر ئەوەی دوژمنانی کوردستان دەیانەوێت کیانی یاسایی هەرێم نەمێنێت. بۆیە ئەمڕۆ لە هەمیشە زیاتر پێویستیمان بە یەکریزی نیشتمانی واقیعبینانە هەیە، راستە ئەوەی روویداوە لاپەڕەیەکی مەترسیدارەو دێڕەکانی ناو ئەو لاپەڕەیە جەرگبڕە، بەڵام هەر دەبێت بە تێکۆشان رووبەڕووی ببینەوە، گەلی کوردستان رازی نابێت بە خۆبەدەستەوەدان و خۆی هێزی بەرەنگاربوونەوەو پاراستنی دەستکەوتەکانی دروست دەکات.

*** چۆن ئەم قۆناغە تێپەڕێنین و رێگە بە دوژمن نەدەین جارێکی تر گەلی کوردستان تەعریب و تەرحیل بکاتەوە؟**

- ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ باس دەکرێت، زیاتر دەچێتە ناو خانەی توێژینەوەی سیاسییەوە، نەك حاڵەتی هەڵسەنگاندن، چونکە تا ئێستا لە ناو رووداوەکان دەژین و کۆتایی نەهاتووە، کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان دۆزێکی ئابووری نییە، بچێتە ناو قاڵبی گرەنتی پرۆژەیەکەوە، بەڵکو ئەمەی رووەدات پەیوەندی بە دۆزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانەوە هەیە، ئەم بابەتە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی سادە سەیر ناکرێت، دۆخەکە زۆر لەوە گەورەترەو تەنانەت گۆڕانکارییەکانی سەر زەویش وەکو خۆی نامێنێتەوە، ئەمە کۆتایی مێژوو نییە و پرسی سەربەخۆیی کوردستان تەواو نەبووە، بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان رووبەڕووی راوەستان، گەڕانەوە بووە، بەڵام هەرگیز کۆتایی نەهاتووە.

*** بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو مافە بەگەلی کوردستان نادات کە مافی چارەی خۆنووسینەوە، ئایا بۆچی بەرامبەر ملهوڕی و پێشێلکارییەکان وا بێدەنگن؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگەو ئێمەش بە بەردەوام ئەم پرسیارە دەورووژێنین؛ کە ئایا بۆچی کاتێك باسی سەرجەم دۆخەکە دەکەن واباسی دەکەن کە گەلی کوردستان بڕیاری مافی چارەی خۆنووسینی نەبێت و باسی ئەوە ناکەن هێزێکی مەزهەبی ئایینی و توندڕەو پەلاماری کوردستان دەدات، لە بری ئەوەی باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، باسی ئەوە دەکەن نەدەبوو گەلی کوردستان باسی مافی چارەی خۆنووسینی بکردایە، ئەم حاڵەتە رووبەڕووی ئەمریکاش دەبێتەوە؛ بە زەقی هەڵەی سیاسەتی ئەمریکا لە تەواوی عێراق و ناوچەکە نەك تەنیا دژی کورد و گەلانی ناوچەکە، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانی خودی خۆشیان دەرکەوتووە. بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرمەزارییەو کۆمەڵگەیەکی دووڕووە، لەلایەك باسی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین دەکات و لە ٢٠٠٣ وە رێکخراوەکانی کومەڵگەی نێودەوڵەتیمان بۆ دەنێرن و بەناو هۆشیاری و رۆشنبیری مەدەنیانە بلاودەکەنەوە و هانی خەڵك دەدەن ئازادانە گوزارشت لە راوبۆچوونەکانی خۆیان بکەن، بەڵام کاتێك ئەم گەلە ئاشتیانە گوزارشت لە ماف و رای خۆی دەکات و هەنگاو بۆ سەربەخۆیی دەنێت هەڵوێستی دوو رووییان دەبێت. بەڵام دەنگی سێ ملیۆن و نیو مرۆڤ بۆ سەربەخۆیی، نە بە عێراق و نە بە هەڵوێستی شەرمەزاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەسڕێتەوە، ئەمە بە مردوویی ناچێتە مێژووەوە، بەڵکو چارەنووسی داهاتووی ئەم گەلە دەبێت.

*** ئایا ئەم سیاسەتە هەڵەیەی ئەمریکا هەر وا دەمێنێتەوە؟ ئایا ئومێدت هەیە بەو**

**گۆڕانکارییانەی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەسەریدا هاتووە؟**

- ئەم حاڵەتە گەرچی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام دیسانەوە ئاماژەی پێ دەکەمەوە کە شکستی ئەمریکا بەئاشکرا ڕەنگی دایەوەو جەماوەری کوردستان لەچەندین وڵات ڕژانە سەر شەقامەکان و چوونە بەردەم باڵیۆزی ئەمریکاو بەئاشکرا دەنگیان بەرز کردەوەو گوتیان بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە، جگە لەوەی زیان بە هاوپەیمانەکانتان دەگەیەنێت، زیانێکی گەورەشە بۆ خودی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش.

*** لە پەیامێکدا بەڕێز مسعود بارزانی داوای کرد ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ درێژنەکرێتەوە، واتە بڕیاری دا بچێتەوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و درێژە بەخەباتی بدات، چۆن دەڕوانیتە خەبات و هەڵوێستەکانی بارزانی بۆ گەلەکەی؟**

- جەنابی کاك مسعود بارزانی یەکێکە لە سەرکردە مێژووییەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، کەسێکی تێکۆشەر و ڕاستگۆیە و بەرنامەو پرۆگرامی خۆی هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلەکەی، جەنابیان هەوڵی داوە لە پرۆسەیەکی نەتەوەیی گەلی کوردستاندا سەربەخۆیی بۆ گەلەکەی بەدەست بهێنێت. ئەم سەرکردەیە ئەوەندە ڕاستگۆیە تەنانەت لە هەست و سۆزو ڕوخساریدا دەردەکەوێت، ئەم کەسایەتییە پێشمەرگایەتی لە هەموو پۆست و پلەیەك لا پیرۆزترە، هەروەکو خۆیشی لە چەندین بۆنەدا باسی کردووە، من کە خۆشم شانازی بە پێشمەرگایەتی دەکەم و زۆر بەدڵنیاییەوە لەهەست و سۆزی جەنابیان تێدەگەم، چونکە پێشمەرگایەتی بەهاو ئەخلاقێکی بەرز دروست دەکات و گیانی خۆڕاگری و تێکۆشان دروست دەکات، ڕۆڵی گەورەی کاك مسعود بارزانی ڕۆڵێك نییە بە پۆست و دەسەڵاتێك تەواو بێت، ئەو پێش ریفراندۆم و تەنانەت نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر لە کەناڵی فرانس ٢٤ بە ئاشکرا ئەمەی ڕوون کردەوە. کاك مسعود ڕۆڵی کاریگەری لە هەموو بوارەکاندا هەیە، هەر بۆیە ڕاستگۆیە لەوەی کە وتی من پەشیمانم کە خۆم هەڵبژاردووە بۆ ئەو پۆستە کە تووشی حاڵەتی وای کردووە کە شایەنی ئەوە نییە لەگەڵ هیچ کەسێکی تێکۆشەری وەکو جەنابیان قسەو ڕەفتاری وا بکرێت، لەبەر ئەوە من پێموایە کاك مسعود بارزانی ئەو سەرکردە تێکۆشەرەیە کە پێگەو قورسایی خۆی هەیە و هەر واش دەمێنێتەوە.

*** باسی ئەوەتان کرد کە ئەم دۆخە هەروا نامێنێتەوە؛ ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبووڵ دەکات عێراق لەسەر سینییەکی زێڕ تەسلیمی ئێران بکرێت و هیلالی شیعە لەناوچەکەدا دروست بکرێت؟**

- ئەگەر ئەمریکا لەم سیاسەتەی بەردەوام بێت، ئەوا عێراقیان پێشکەش بە ئێران کردووە، سەرکەوتنی ئێران لە عێراقدا بەشێکی هەرە زۆری بۆ سیاسەتە هەڵەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە. ئێمە وەکو حزبی شیوعی وتوومانە کوردستان پێویستی بە سیاسەتی دەرەکی وا هەیە نەچێتە ناو هیچ میحوەرێکەوە، دەبێت هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی وڵاتان و هەڵوێستیان بەرامبەر گەلی کوردستان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو کات باس بکرێت، ئێمە کە ڕووبەڕووی ئەم شاڵاوە بووینەتەوە، تەنیا وتەو قسە دادمان نادات، ئەگەر ئەوان ڕاستگۆن لەگەڵماندا دەبێت بە فشاری سیاسی و بە کردەوە هەنگاو بنێن. ڕەنگە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وا بزانێت کە ئیتر ئێمە تەسلیم بووین لە کاتێکدا لە مێژووی کوردا نییە تەسلیمبوون، مێژوو دەنووسێت لە ٢٥ی ئەیلوول سێ ملیۆن و نیو لە ریفراندۆمێکی ئازاددا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا لە تەواوی کوردستان، دواتر لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەلایەن سوپاو حەشدی شەعبی و بەهاوکاری وڵاتانی دوروبەر ڕووبەڕووی هێرش و قڕکردن بوونەوەو گەلی کوردستان بەرگرییان کرد، ڕووبەڕووی هەندێك شکست بوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە خۆیان ڕێکخستەوەو هەنگاویان بۆ جێبەجێکردنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نا، لەبەرامبەریشدا هەر گرووپێك لەگەڵ دوژمنی گەلەکەی مامەڵەی کردبێت، ئەگەر زۆر بێت، یاخود کەم، سیفەتی نیشتمانپەروەری نامێنێت.

**لەم قۆناغەدا ئەرکێکی گرنگ و قورسمان دەکەوێتە سەر شان و دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین لایەنە سیاسییەکان لە شاڵاوی ڕاگەیاندن و یەکتر تۆمەتبارکردن دوور بکەوینەوە، زەمینەیەک دروست بکەین نەخشەی دوو ئیدارەیی هەڵبوەشێنینەوە کە هەوڵی دروستکردنی دەدەن**

**ئەمەی ئێستا لوتکەی قەیرانی دەوڵەتی عێراقە، بەتایبەتی کە پەنای بردووە بۆ هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەمەش زیاتر ئەم هیزەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتۆتە ناو تەواوی جومگە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەکانی عێراقەوە**

**ئێران بە ئاشکرا باس لە دوا بزماری تابووتی پرۆژەی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەکات و حزبوڵای لوبنانی بانگەشە بۆ ئەم حاڵەتە دەکات، هەربۆیە پێموایە ئەم ململانێیە زۆر لەوە گەورەترە کە وابزانین تەنیا پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە هەیە، بەڵکو پرسەکە هەمەلایەنە و زۆر لەوە گەورەترە**

جۆشوا لاندیز

تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەگەر میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە سووریا هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل رژێمی ئەسەد باجێکی گەورە دەدات

جۆشوا لاندیز پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی سوورییە، کەسێکی تایبەتمەندە لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتی سووریا. بۆ قسەکردن لەسەر دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ناوخۆیی سووریا و گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی شەڕ لەو وڵاتەدا و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** چۆن وەسفی شەڕی ناوخۆی سووریا دەکەیت؟ ئایا پێتوایە بە راستی ئەو شەڕە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، چونکە پێموایە ئەسەد زیاتر و زیاتر دەسەڵاتی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە و لە ئێستادا خاکی زیاتر لەژێر دەستی داعش دەردەهێنێت لە بەشی رۆژهەڵاتی سووریادا، واتە لەم رووەوە پێشبڕکێیەك هەیە لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراسیدا، بە چەشنێك لە ئێستادا دەتوانین بڵێین کە چیتر موعارەزەی سووری مایەی مەترسی نییە بۆ ئەسەد. لەلایەکی دیکەوە تورکیا —کە راستە نیگەرانە لەبەر فراوانبوونی دەسەڵاتی کورد لە سووریادا- ترسی هەیە لە وەی ئەگەر بێتوو پارێزگای ئیدلیب لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە، بە هاوکاریی رووسیا بگیرێتەوە، ئەوا دانیشتووانی ئەو پارێزگایە کە نزیکەی دوو ملیۆن کەسن، ئاوارە بن و رووبکەنە تورکیا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە تورکیا هێزی رەوانەی ئەو پارێزگایە کردووە و هەوڵی هێورکردنەوەی هەل و مەرجەکە دەدات، ئەمە لە کاتێکدا کە رژێمی سووریا کار دەکات بۆ گرتنەوەو و کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو پارێزگایە و دەرپەڕاندنی هێزە یاخیبووەکانی نێو ئیدلیب بۆ نێو خاکی تورکیا.

*** کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین کە هێزەکانی موعارەزەی سووری بە تەواوەتی پەرتەوازە بوون**

**ئەگەر رووسیا و ئەسەد دژی کورد پێشڕەوی بکەن، ئەوا ئەمریکا دەکەوێتە بەردەم دوو بژارەوە، یان ئەوەتا دەستبەرداری کورد دەبێت و پشتیان تێدەکات، کە ئەمە ئیحراجییەکی گەورە بۆ ئەمریکا دروست دەکات، یاخود ناچار دەبێت پتر رۆڵێکی سەربازیی بەرچاو ببینێت**

**رووسیا چارەنووسی خۆی لە باکووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەڵکشانی شیعەوە گرێداوە، بەڵام ئێستا دەیەوێت هاوسەنگییەک لەو رووەوە دروست بکاتەوە بە بنیادنانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کورد، واتە لە رێی پاراستنی پەیوەندییە باشەکانیەوە لەگەڵ کورددا کە لە رووی مێژووییەوە ئەم پەیوەندییە باشەی هەبووە**

**و ئێستاش رژێمی سووریا لە پێگەیەکدایە کە بە چەشنێك پێشڕەوی بکات کە بتوانێت دەست بە سەر بست بە بست خاکی سووریادا بگرێتەوە، هەروەك بەشار ئەسەد بەڵێنی دا؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەمە راستە، بەڵام من چەند تەحەفوزێکی گرنگم هەیە لەم رووەوە، یەکەمیان ئەوەیە سووریا لە پێگەیەکدا نییە هێرش بکاتە سەر تورکیا، لە هەمان کاتدا لە پێگەیەکدا نییە پەلاماری کوردیش بدات، واتە تا وەکو کورد پشتیوانی بکرێت لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە، ئەوا رژێمی سووریا ناتوانێت پەلاماری کورد بدات. پرسیارە راستەقینەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا لە باکووری سووریادا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کورد بکات و بەرگری لەو خاکانە بکات کە لەگەڵ کورددا کۆنترۆڵیان کردووە، کە ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارەش نازانین، رەنگە ئەمریکا هێزێکی بچووك لەو بەشەی سووریادا جێگیر بکات، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێمکرد، ئێمە نازانین نیازەکانی ئەمریکا چین بەرامبەر بە کوردی سووریا. هەرچەندە بۆ من جێی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر بێتو ئەمریکا بە تەواوەتی پشت لە کورد بکات. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە کورد دەستی بەسەر زۆرینەی نەوتی سووریادا گرتووە، هێزەکانی سووریای دیموکراتی کۆنترۆڵی زیاتر لە سەدا ٥٠ی نەوت و گازی سووریایان کردووە، ئەمەش لە ئایندەدا دەبێتە بابەتێك لە نێوان کورد و رژێمی سووریادا، چونکە ئەسەد ناتوانێت بێ دەستبەردارگرتنەوەی بەشێك لەو نەوتە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات.

*** بەڵام یەکێك لە بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باسی لەوە کرد کە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردی سووریا پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە، ئێوە چی دەڵێن لەم بارەیەوە؟**

- لە راستیدا من پێموایە زەحمەتە ئەمریکا تەماشاکار بێت، کاتێك ببینێت هێزەکانی رژێمی سووریا پێشڕەوی بکات بۆ گرتنەوەی هەندێ ناوچەی وەك رەققە، کە ئەمریکا و کورد لەو وڵاتەدا هاوکارییەکی زۆری یەکتریان کرد بۆ رزگارکردنی، واتە باوەڕم وایە ئەمریکا هەوڵی بەشار ئەسەد بۆ گرتنەوەی شاری رەققە رادەگرێت.

*** بەڵام پێتوایە پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی رژێمی سووریا و هێزە کوردییەکانی ئەو وڵاتە شتێکی حەتمییە و هەر روودەدات؟**

- من باوەڕم وایە ئەو رووبەڕووبوونەوەیە روودەدات، بەڵام ئایا تا چەند ئەوە رووبەڕووبوونەوەیەکی جددی دەبێت، ئەوا ئەمە وەك نیشانەیەکی پرسیار دەمێنێتەوە. هەروەك ئاماژەم پێکرد رووبەڕووبوونەوە روودەدات، بەڵام بە راستی ئەمە بەندە بەوەی ئەمریکا چ هەڵوێستێکی دەبێت و چ کاردانەوەیەك دەگرێتەبەر.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت ناتوانین لە ئێستادا بڵێین کە چیتر پێداگیری لەسەر وازهێنانی ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەکرێت و لە ئێستادا ئەمە ئەگەرێکی دوورە؟**

- ئەمە راستە، چونکە لە ئێستادا هیچ هێزێك نییە لە سووریادا بتوانێت ناچاری بکات دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت، یان بتوانێت رژێمی سووریا بگۆڕێت.

*** باشە پێتوایە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی سووریا دەکات؟ یان با بڵێین ئایا پێشبینی دەکەیت چ جۆرە رێککەوتن، یان چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا بەدی بێت؟**

- من باوەڕم وایە کە بونیادە سیاسییەکە تا رادەیەکی گەورە وەك خۆی دەمێنێتەوە، پێموانییە ئەسەد گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا بێت لە رووی سیاسییەوە، هەرچەندە لە رووی ئابوورییەوە دەکرێت تا رادەیەکی دیاریکراو گۆڕانکاری ئەنجام بدات، مەبەستم ئەوەیە دەتوانێت دەرفەتی زیاتر بە وەبەرهێنانی دەرەکی و بە موڵکدارێتی تایبەتی بدات، لەو باوەڕەشدام ناچار بێت زۆرێك لە بونیادیە ئیشتراکییەکەی دەوڵەتی سووریا هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەت دارایی دەوێت و ئەویش لەو رووەوە پێویستی بە سەرمایەدارەکان دەبێت.

*** باشە بۆچوونتان چییە لەبارەی دروستکردنی ناوچەکانی هێورکردنەوە و ئەنجامدانی رێککەوتنەکانی ئاگربەست لە سووریادا؟ ئایا پێتانوایە ئەمانە لە کۆتاییدا زەمینە بۆ چارەسەرێکی سیاسیی درێژخایەن خۆش دەکەن؟**

- لە راستیدا پێموایە ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە سنوورییەکانی سووریاوە هەبێت لەگەڵ ئەردەندا، ئەوا هێزەکانی موعارەزە کە لەو ناوچەیەدا بوونیان




هەیە، ناچار دەبن بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەددا، واتە باوەڕم وایە ئەسەد نزیکەی سەرجەم ئەو ناوچانە دەگرێتەوە. لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین ئەردەن بەرژەوەندی هەیە لە کردنەوەی ڕێگاکانی سەر سنوور، چونکە ساڵانە بە بەهای ملیارێك دۆلار بازرگانی لەسەر ئەو سنوورانە دەکرێت، کە ئەم ڕێگایانەش لەدوای شەڕەکەوە داخراون، کەواتە هۆکارێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی پاشای ئەردەن پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەددا ئاسایی بکاتەوە و ئەو ڕێگایانە بۆ بازرگانی بکاتەوە. کەواتە من گریمانەی ئەوە دەکەم کە زۆرێك لە میلیشیاکانی نێو ئەو سنوورانە پێیان ڕاگەیاندرابێت، یان لەوە تێگەیشتبێتن کە پێویستە بگەنە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەسەد، یاخود بچنە نێو ئەردەنەوە. کە ئێمە ئەو حاڵەتەشمان بینیوە کە هەندێ لە هێزەکانی موعارەزە گەیشتوونەتە ئەو دۆخەی کە واز لە چەکە قورسەکانیان بهێنن و دەست لە شەڕکردن هەڵبگرن لەبەرامبەر ئەوەی چەکی سووکیان پێ بمێنێتەوە و تا ڕادەیەك دەسەڵاتێکی مەحەلییان هەبێت، بەڵام ئەوەش دۆخێکی کاتییە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ بەهێزبوونی ڕژێمی سووریادا، ئەوا ئەسەد ئەو ئەمیرانەی شەڕ بەلاوە دەنێت.

*** هەروەك دەزانن ئێران ڕۆڵێکی گەورە و بگرە یەکلاکەرەوەی هەبووە لە ڕزگارکردنی ڕژێمی ئەسەددا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئاشکرایە ئێران بەردەوام دەبێت لە بینینی ڕۆڵێکی گرنگ لە سووریادا، چونکە هەروەك دەزانن هاوکاریی دارایی و نەوت و هەروەها پشتیوانی سەربازی لەلایەن ئێرانەوە بۆ سووریا دابین کراوە. بۆیە ئەسەد ناتوانێت پشت لە ئێران بکات، بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەشی پێویستی بە ئێران دەبێت، هەروەها پێویستی بە هێزی سەربازیی ئێران هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیا و لە هەمان کاتدا کوردیش. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئێران بەردەوام ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە سووریادا. بەڵام ئەمە جیاواز دەبێت لەو ڕۆڵەی کە لە عێراق، یان لە لوبناندا هەیەتی، چونکە لە سووریادا ژمارەیەکی کەمی شیعە هەن لەو وڵاتەدا، ئەمە لە کاتێکدا ئێران توانیویەتی میلیشیای شیعە — کە خۆی پشتیوانییان دەکات- لە عێراقدا دروست بکات، کە تا ڕادەیەکی گەورە سەربەخۆن لە حکومەتی عێراقی، کەواتە ئێران دەتوانێت لە دەرەوەی حکومەتەکەی عەبادیش کار بکات لە عێراقدا. بەڵام ئەمە کارێکی قورسە لە سووریادا، چونکە میلیشیاگەلێکی کەمی شیعە هەن لە سووریادا، لەبەر ئەوەی ژمارەی شیعەکان لە سووریادا کەمە. هەروەها عەلەوییەکانی سووریا هەمان شیعەی ئێران نین، واتە دڵسۆزیی ئەوان زیاتر بۆ ئەسەدە نەك بۆ ئێران، واتە سەرەڕای ئەوەی سووریا پشت بە

**ئێران توانیویەتی میلیشیای شیعە — کە خۆی پشتیوانییان دەکات- لە عێراقدا دروست بکات، کە تا ڕادەیەکی گەورە سەربەخۆن لە حکومەتی عێراقی، کەواتە ئێران دەتوانێت لە دەرەوەی حکومەتەکەی عەبادیش کار بکات لە عێراقدا**

ئێران دەبەستێت، بەڵام ئێران ناتوانێت بە ئاسانی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ میلیشیاکاندا بکات، لەبەر ئەوە پێموایە بە تێپەڕبوونی کات ڕژێمی ئەسەد دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنێت لە پەیوەندی بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ئەمنی خۆیەوە و ئێرانیش ناچار دەکات کە بگونجێت لەگەڵیدا لە پەیوەندی بە پاراستنی سەروەریی سووریاوە.

*** کەواتە پێتوانییە سووریا بە تەواوەتی ببێتە پاشکۆی ئێران؟**

- نەخێر، من پێموانییە.

*** باشە زۆر باس لەوە دەکرێت کە میلیشیای شیعە لەسەر سنووری ئیسرائیل جێگیر بکرێت، کە ئەمە بەلای کەمەوە سەرئێشە بۆ ئیسرائیل دروست دەکات، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئیسرائیل هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ سووریا دەکات، ئەگەر بێتو کارێک ئەنجام بدرێت لە دژی ئیسرائیل، ئەمەش دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بۆ ئەسەد، چونکە ئەسەد نایەوێت دوچاری شەڕ بێت لەگەڵ ئیسرائیلدا، واتە نایەوێت ئیسرائیل بەردەوام بێت لە هێرشکردنەسەر بنکە سەربازییەکانی، لەبەر ئەوە ڕژێمی سووریا بەردەوام دەبێت لە سنووردارکردنی چالاکییەکانی حزبوڵا لە بەرزاییەکانی جۆلان و بە شێوەیەکی گشتی لەسەر سنوورەکانی نێوان سووریا و ئیسرائیل. واتە دەیەوێت چالاکییەکانی تەنیا لە سنووری لوبناندا قەتیس بێت. هەروەها من پێموایە لە کۆتاییدا ئێرانیش بەمە ڕازی دەبێت، چونکە بە پێچەوانەوە ئەگەر سووریا ئەم کارە نەکات، ئەوا ئیسرائیل ناچاری دەکات کە باجێکی قورس و گران بدات.

*** بەڵام خۆ دەبینین ئێران بە دەیان هەزار میلیشیای شیعەی لە وڵاتانی دیکەی وەک عێراق و لوبنان و ئەفغانستان و پاکستان کۆکردووەتەوە و لە سووریا و بۆ بەرژەوەندیی بەشار ئەسەد شەڕیان پێدەکات، ئەمەیان چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە و ئەسەدیش زۆر سوپاسگوزارە لەو ڕووەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین کە ئەو میلیشیایانە سووریا و سوپای سووریا بەڕێوە نابەن، واتە ئەوانە وەک کەسانی بیانی لە سووریادا دەمێننەوە و سووریاش وەک کەسێکی بیانی لێیان دەڕوانێت، بە چەشنێك كاتێك شەڕەکە تەواو بوو، ئەوا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی بوونی حەشدی شەعبییەوە دۆخەکە لە عێراقدا زۆر جیاوازە، چونکە پێشبینی دەکرێت هێزەکانی حەشدی شەعبی تێکەڵی سوپای عێراق بکرێن و ببنە بەشێکی ڕێکخراوی دامەزراوەی ئەمنی لە وڵاتەکە.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی ڕووسیا دەڕوانن لە سووریادا، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەستێوەردانی سەربازی کرد و بارودۆخەکەی بە بەرژەوەندیی ئەسەد گۆڕی؟ مەبەستەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ڕووسیا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبێت لە هێنانەئارای چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە ڕووسیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت، چونکە ڕووسیا ڕژێمی ئەسەدی ڕزگار کرد، کە پێموایە ئەسەد قەرزارباری پوتین و ڕووسیا بە شێوەیەکی گشتی دەبێت. بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا سووریا بۆتە پانتاییەکی سەرەکی بۆ هێزی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە ڕووسیا ناتوانێت دەستبەرداری سووریا بێت. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە ڕووسیا و سووریا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، وەك تێکشکاندنی جیهادییەکان لە ئیدلیب، وەك فشارخستنەسەر تورکیا بۆ قبووڵکردنی ئەسەد، هەروەها بەرژەوەندییان هەیە لە هاوکاریکردنی ئێران بۆ پاراستنی هەژموونی ناوچەیی خۆی، بەو مانایەی کە ڕۆڵێکی باڵادەستی هەبێت لە لوبنان و سووریا و عێراقدا. هەروەها لەبەر ئەوەی ڕووسیا چارەنووسی خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەڵکشانی شیعەوە گرێداوە، بەڵام ئێستا دەیەوێت هاوسەنگییەك لەو ڕووەوە دروست بکاتەوە بە بنیادنانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کورد، واتە لە ڕێی پاراستنی پەیوەندییە باشەکانیەوە لەگەڵ کورددا کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەم پەیوەندییە باشەی هەبووە، ئەویش لە ڕێی وەبەرهێنانکردن لە کوردستان و لە عێراق، هەروەها لە ڕێی هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردی سووریادا. کەواتە ڕووسیا بەرژەوەندی لەوەدایە کە کوردی سووریا و ڕژێمی ئەسەد بکەونە گفتوگۆوە لەگەڵ یەکتردا لەسەر هێنانەئارای خۆبەڕێوەبەرییەك –ئۆتۆنۆمی لە باکووری سووریا- لە بری ئەوەی لە شەڕ و ناکۆکیدا بن لەگەڵ یەکتردا.

**هاوکاریی دارایی و نەوت و هەروەها پشتیوانی سەربازی لەلایەن ئێرانەوە بۆ سووریا دابین کراوە. بۆیە ئەسەد ناتوانێت پشت لە ئێران بکات، بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەشی پێویستی بە ئێران دەبێت**

**هەندێ لە هێزەکانی موعارەزە گەیشتوونەتە ئەو دۆخەی کە واز لە چەکە قورسەکانیان بهێنن و دەست لە شەڕکردن هەڵبگرن لەبەرامبەر ئەوەی چەکی سووکیان پێ بمێنێتەوە و تا ڕادەیەک دەسەڵاتێکی مەحەلییان هەبێت، بەڵام ئەوەش دۆخێکی کاتییە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ بەهێزبوونی ڕژێمی سووریادا، ئەوا ئەسەد ئەو ئەمیرانەی شەڕ بەلاوە دەنێت**

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە رووسیا و ئەمریکا لێکنزیك ببنەوە، یاخود هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی سووریا؟**

- لە راستیدا من پێموایە ئەمریکا دەیەوێت کوردی ئەو وڵاتە بپارێزێت و لەم ئەرکەشدا پێویستی بە هاوکاری رووسیا دەبێت، چونکە ئەمریکا نایەوێت لە رووی سەربازییەوە لە بارودۆخەکەوە تێوەبگلێت، بەڵام ئەگەر رووسیا و ئەسەد دژی کورد پێشڕەوی بکەن، ئەوا ئەمریکا دەکەوێتە بەردەم دوو بژارەوە، یان ئەوەتا دەستبەرداری کورد دەبێت و پشتیان تێدەکات، کە ئەمە ئیحراجییەکی گەورە بۆ ئەمریکا دروست دەکات، یاخود ناچار دەبێت پتر رۆڵێکی سەربازیی بەرچاو ببینێت، بۆ ئەوەی خۆی لەم دەرئەنجامەش لا بدات، ئەوا ئەمریکا پێویستی بە هاوکاریی رووسیا دەبێت، کە لەو کاتەدا دەبێت رووسیا فشار لەسەر تورکیا دروست بکات بۆ رازیبوون بە دروستبوونی هەرێمێکی کوردی خۆبەڕێوەبەر- ئۆتۆنۆمی- لە باکووری سووریا، هەروەها پێویستە رووسیا فشار لەسەر ئەسەدیش بکات بۆ قبووڵکردنی. مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا نایەوێت بە تەنیا ئەم کارە بکات و نایەوێت راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەسەددا بکات، بەڵام خۆ دەتوانێت لە رێی رووسیاوە مامەڵە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی رژێمی ئەسەددا بکات، چونکە ئەمریکا پێویستی بە زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگری سووریا دەبێت، لەبەر ئەوەی دەبێت بزانێت کێ ئەندامی ئەلقاعیدە و کێ ئەندامی داعش و کێ جیهادییە لە سووریادا. کە لەم رووەوە رووسیا دەتوانێت هاوکارییان بکات و ئەو زانیارییانە و فایلی کۆمپیوتەرەکانیان پێ بدات، چونکە ئەمریکا ناتوانێت راستەوخۆ داوای ئەم زانیارییانە لە ئەسەد بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە ئیحراجی تێدایە بۆ ئەمریکا. کەواتە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بواری هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوانیاندا –ئەمریکا و رووسیا-، هەروەها لە پەیوەندی بە کوردەوە خاڵی هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوانیاندا.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە ئایا پێشبینییەکانتان چین بۆ سووریا و باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە چاوەڕێی ئەو وڵاتە دەکەن؟**

- خراپترین سیناریۆ ئەوەیە ئەلقاعیدە و داعش و جیهادییەکان بە بەهێزی بمێننەوە، بە چەشنێك کە سووریا نەگەڕێتەوە بۆ باری سەقامگیری و تیرۆریزم باڵ بکێشێتەوە بەسەر بارودۆخەکەدا، واتە سووریا بە دەوڵەتێکی لاواز بمێنێتەوە، بە شێوەیەك کە بوار بۆ راهێنانی رادیکاڵەکان دروست بێت و بتوانن پیلان لە دژی رۆژئاوا دابڕێژن. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە دەست بە بنیاتنانەوەی سووریا بکرێت و رێگاچارە و رێککەوتنێك لەگەڵ کورددا بکرێت بۆ ئەوەی شەڕ بەرپا نەبێتەوە، ئەو کاتەش دەرفەت بڕەخسێت بۆ ئەوەی کوردیش دەست بە پرۆسەی بنیادنانەوە بکەن و قوتابخانە و زانکۆ بنیاد بنێنەوە و کار لەسەر حوکمڕانیی باش بکرێت و وەبەرهێنانی دەرەکی رابکێشنە نێو هەرێمەکەیانەوە- کوردستانەوە-. ئەمە باشترین سیناریۆ دەبێت، کە ئەو کاتەش تورکیا رازی بێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ یەپەگەدا. هەرچەندە ئەمە زیاتر لە خەونەوە نزیکە و رەنگە ئەگەری هاتنەئارای دوور بێت، بەڵام بە پشتیوانیی خودا بۆی هەیە رووبدات. لەم سیناریۆیەدا شەڕ روونادات و تورکیا و کوردستان و سووریا دەست دەدەنە بازرگانیکردن لەگەڵ یەکتردا. واتە لەبری ئەوەی شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن، دەست دەدەنە بازرگانی لەگەڵ یەکتردا. ئەو کاتەش بۆ یەکەمجار حکومەتگەلێکت دەبێت لە لوبنان و سووریا و عێراق و ئێراندا کە بگونجێن لەگەڵ یەکدا، واتە لەم حاڵەتەدا دەکرێت بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت و غاز لە ئێرانەوە بەرەو کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دروست بکرێت، هەروەها رێگەوبانی خێرا دروست دەکرێت کە خەڵکی دەتوانن بە ئاسانی و بە خێرایی هاتوچۆ بکەن، کە پێشتر و لە رابردوودا خەڵك نەیتوانیوە ئەمە بکات. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر حکومەتەکانی ئەم وڵاتە پەیوەندی دۆستانە هەبێت لە نێوانیاندا، ئەوا گەشەی ئابووری دێتەئاراوە. خۆ راستە رەنگە رۆژئاوا سزا بەسەر سووریادا بسەپێنێت و هێنانەئارای ئەم دەرئەنجامە بکاتە کارێکی دژوار، بەڵام خۆ دەشتوانێت چاوپۆشی بکات بۆ ئەوەی عێراق و لوبنان ئەو سزایانە بشکێنن و دەست بدەنە بازرگانی و ئەمەش سەربکێشێت بۆ گەشەی ئابووری، وەك وتم ئەمە باشترین سیناریۆیە.

**سووریا لە پێگەیەکدا نییە هێرش بکاتە سەر تورکیا، لە هەمان کاتدا لە پێگەیەکدا نییە پەلاماری کوردیش بدات، واتە تا وەکو کورد پشتیوانی بکرێت لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە، ئەوا رژێمی سووریا ناتوانێت پەلاماری کورد بدات**

**کورد دەستی بەسەر زۆرینەی نەوتی سووریادا گرتووە، هێزەکانی سووریای دیموکراتی کۆنترۆڵی زیاتر لە سەدا ٥٠ی نەوت و گازی سووریایان کردووە، ئەمەش لە ئایندەدا دەبێتە بابەتێک لە نێوان کورد و رژێمی سووریادا، چونکە ئەسەد ناتوانێت بێ دەستبەردارگرتنەوەی بەشێک لەو نەوتە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات**

# بەرەو ئیسلامێکی کوردستانی بۆ قۆناخی دوای ریفراندۆم

ئەو کاتەی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستان هاتەگۆڕێ، پێشبینی ئەوەم دەکرد کە لە بەرامبەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە پەرچەکردارو کاردانەوەی جیاجیا سەرهەڵبدات، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد هەندێ زانای موسڵمانی سوننەو شیعە هەڵوێستی دوژمنکارانەیان هەبێت لەهەمبەر ئەو پرۆسە دیموکراسییە مەدەنییە ئاساییەدا، لە راستیدا زۆربەی ئەو زاناو دامەزراوە ئایینییانەی شیعە گوزارشت لە سیاسەتی دەوڵەت دەکەن، ئەوانە بێلایەن نین، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە زانایانی موسڵمانی سوننەو شیعە لەکاتی پەلاماردانی کوێت ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن عێراقەوە، بوونە دوو بەش، بەشێکیان ئەو کارەی سەدامیان بە جیهاد لەپێناو خوا دادەنا، بەشی دووەم بە تاوان لە قەڵەمیان دا، لێرەدا راستییەکە دەردەکەوێت کە فتواو هەڵوێستی زۆربەی ئەو زاناو دامەزراوانە سەر بە دەوڵەتن، ئەمەش لەسەر پرسی ریفراندۆمی کوردستانیش جێبەجێ دەبێت، شتی زۆر سەیرو سەمەرەمان بینی، چونکە ریفراندۆم تەنیا پرۆسەیەکی دیموکراسیی تیۆرییە، نەك راگەیاندنی دەوڵەت، ئەو بابەتە ئەو هەموو هاشوهوشەی راگەیاندن و هەڵوێستی نابەجێ و فتوا پەڕگیرانەی پێ ناوێت، ئەگەر ئەوەندە جەختیان بکردایەوە لەسەر رزگارکردنی قودس ئەوا دەمێك بوو رزگاردەبوو، یان لەسەر مەینەتییەکانی موسڵمانانی بۆرما، ئەگەر ئەمە هەڵوێست و فتواکانیان بێت ئەدی ئەگەر دەوڵەتمان راگەیاند؟ ئەوان فتوای تەکفیرو کوشتن و لادەری نەتەوەییان بەرامبەر بە ئێمە راگەیاند، یان بە بەکرێگیراوی جوو و گاورو ئیسرائیلی دووەم و شتی دیکە وەسفیان کردین.

زۆربەی ئەو زاناو دامەزراوە ئایینییانەی شیعە گوزارشت لە سیاسەتی دەوڵەت دەکەن، ئەوانە بێلایەن نین، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە زانایانی موسڵمانی سوننەو شیعە لەکاتی پەلاماردانی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن عێراقەوە، بوونە دوو بەش، بەشێکیان ئەو کارەی سەدامیان بە جیهاد لەپێناو خوا دادەنا، بەشی دووەم بە تاوان لە قەڵەمیان دا، لێرەدا راستییەکە دەردەکەوێت کە فتواو هەڵوێستی زۆربەی ئەو زاناو دامەزراوانە سەر بە دەوڵەتن

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەوانە پێیان وایە کە نوێنەری خودان و لەجیاتی ئەو ئیمزایان کردووە، بۆیە دەبینین ئایین دەخەنە نێو هەموو پرسێکی بچووك و گەورەوە، بە شێوەیەك کە ئایینییان لای خەڵك ناشیرین کردووە، هەرچەندە ئایین لەوان بێ بەرییە، چونکە خوا زۆر بواری لە ژیاندا بۆ فراوان کردووین کە مەرج نییە ئایین لە هەموو وردەکارییەکی ژیاندا رای هەبێت، بەڵکو خوای گەورە ئازادیی بیروڕاو بیرکردنەوەی بەهۆی ئەم عەقڵەوە پێبەخشیوین، بنیادنانی دەوڵەت بە عەقڵ دەبێت نەك بە گواستنەوە واتا دەقەکانی ئایین، چونکە ژیان لە گۆڕاندایە و رووداوو واقیعیش پەرەدەسەنن، خوای گەورە رێسا گشتییەکانی بۆ داناوین لە میانی دەقە ئاینییەکان کە نابێ سەرپێچییان بکەین، بەڵام وردەکارییەکانی بۆ عەقڵە رۆشنەکان جێهێشتووە.

ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسییە مەبەست زانینی رای گەلە لە پرسێکی دیاریکراودا، ئایا هیچ دەقێکی قورئان و فەرموودەیەکی پێغەمبەر(دخ) هەیە کە رێگە لەمە بگرێت، ئەوانەی فتوایان دا بەوەی کە ئەم پرۆسەیە ناگونجاوە ئەوانە زۆر لە ئایینەوە دوورن، بەڵکو ئەمە راوبۆچوونی سیاسیی خۆیانە کە خزمەت بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە دەکات کە بەرگرییان لێدەکات، یەکەم شت لە هەڵوێستی ئەزهەرەوە دەست پێدەکەین، کە هەڵوێستی روون بوو لە پشتگیریکردنی مافی گەلی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسدا، پێش ئەوەی میسر هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەبێت بەرامبەر بە ریفراندۆم، کاتێکیش میسر ئەمەی راگەیاند ئەزهەر بەیاننامەی دژی ریفراندۆمی کوردستان دەرکرد، بەداخەوە بەیاننامەیەکی پەڕگیر بوو، باسی مافی گەلی کوردستانی تێدا نەبوو، بەیاننامەکەی ئەزهەر توندتر بوو لە بەیاننامەکەی میسر، بۆیە شتێکی سروشتییە کە لقی ئەو دامەزراوانە لە کوردستان نەکەینەوە، تا ژەهر لەنێوان خەڵکی کوردستان بڵاونەکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەزهەر هەڵوێستێکی

د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی



مۆراڵ لەهەمبەر گەلی کوردستان بگرێتەبەر دێت دژایەتیی دەکات، بۆ ئەوەی داکۆکی لە دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆجیی ئایینی بکات وەك ئەوەی عێراق، کە رێگە بە گوتارخوێندنەوەی زاناکانی نادەن یان قوتابخانەو لق لە باشووری عێراق بکەنەوە.

پاشان باسی هەڵوێستی موفتیی گشتیی مەهدی سمێدعی دەکەین کە سوننە مەزهەبە و هەڵوێستەکەی بریتی بوو لە کاغەزێك کە شەو بۆی نووسرابوو، سەرلەبەیانی رادەستی کرابوو، دواتر خوێندییەوەو بە نرخێکی کەم بڵاوی کردەوە، هەڵوێستی ئەو وەك هەڵوێستی ئەو کەسەیە کە مووچەیەکی پێبدرێت و ژیانی مسۆگەربکرێت، من دڵنیام کە بڕوای بەوە نییە کە دەیڵێت، چاك دەزانێت کە ئەو فتواو هەڵوێستانە بێ نرخن، ئەگەر نا چۆن یەکێك قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و مێژووی خوێندبێت ئەو جۆرە فیتوا قێزەوەنانە دژی گەلی کوردستان دەردەکات، ئەو نوێنەرایەتیی سوونە ناکات.

بەڵام زانایانی شیعە، دوو بەشن، بەشێك خۆیان لە سیاسەت بەدوور دەگرن، وەك مەرجەعییەتەکانی ئایینی لە نەجەف و لەسەروویانەوە عەلی سیستانی، هەڵوێستی ئەو بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستان دوای ئەوە هات کە کارەکە گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدار، ئەگەر نا بڕواناکەم ئەو لە سیاسەتدا رای هەبێت، ئەو هەڵوێستەشی نواند تاکو شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو شەڕخوازانی هەندێ پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی روونەدات، هەروەك سەرۆکی دامەزراوەی موستەقبەل ئینتیفاز قەنبەر بە (حەشدی نەوتی) ناوی بردووە، هەڵوێستی سیستانی زۆر لە هەڵوێستی ئەزهەر چاکتر بوو، چونکە سیستانی ئاماژەی بە پارێزگاریکردن لە مافی کورد کردووە، بەڵام ئەزهەر پشتگوێی خستووە، کە وێنایەکی هەڵەی پیشانی جیهانی ئیسلامی داوە بەوەی کە کوردستان هۆکاری قەیرانەکەیە، بەمەش پاکانەی هەموو تۆمەتێکی بۆ حکومەتی بەغدا کردووە، ئەو فتوا ناڕاستەوخۆیە رێگە دەدات شەڕی کورد بکرێت، چونکە ئەزهەر لەسەر نەتەوەی ئیسلام دەترسێت نەبادا پەرت ببێت.

ئێستاش بەناوی ئایین لە مافی سرووشتی و دەستووری و یاسایی بێبەشمان دەکەن، ئێمە دووجار تێناکەوین، زانامان هەیە دەزانن چۆن وەڵامی فتواو هەڵوێستە توندەکانتان دەدەنەوە، هەرچیتان لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی گوتووە هەمووی رەتکراوەتەوە، چونکە ئەوە ئایین نییە بەڵکو ئایینێکە خۆتان بۆ خۆتانتان دروستکردووە تاکو ئەوەی خوا بۆی حەڵاڵکردوون بۆ ئێمەی حەرام بکەن، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: {ولا تقولوا لما تصف ألسنتكم الكڑب هڑا حلال وهڑا حرام لتفتروا على الله الكڑب إن الڑين يفترون على الله الكڑب لا يفلحون متاع قليل ولهم عڑاب أليم}.

لەکاتێکدا هەڵوێستی زانایانی دەسەڵات لە ئێران پەڕگیری و مەزهەبی و شۆڤینی بووە، کاشانی کە وتارخوێنی مزگەوتی تارانە ئەو پیاوە ریفراندۆمی بە خیانەت لەقەڵەمدا، هەوڵمدا تێی بگەم نەمتوانی، چۆن وەسفی بێبەشبوونی سوننەو کوردو عەرەب لە پیادەکردنی کەمترین مافەکانیان بکەین، چۆن وەسفی لەسێدارەدانی شەووڕۆژی بێتاوانان بکەین لە ئێراندا تەنیا لەبەر گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونیان، دواتر خامنەیی دێت و دەڵێت کوردستان دەبێتە ئیسرائیلی دووەم، دوای ئەویش مالیکی وەك تووتی دووبارەی کردەوە، کاتێ باسی مەترسیی ئەو دەوڵەتە دەکات بۆ سەر ئێران کە گوایە زیان بە میحوەری شیعە دەگەیەنێت، دواتر ئێران هەڵمەتێکی گوماناوی دژ بە کوردستان بەرپاکرد، لە راستیدا زانایانی دەسەڵات بە قەد تاڵە موویەك لە سیاسەتی دەوڵەت دەرناچن.

**ریفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسییە و مەبەست زانینی رای گەلە لە پرسێکی دیاریکراودا، ئایا هیچ دەقێکی قورئان و فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د خ) هەیە کە رێگە لەمە بگرێت؟ ئەوانەی فتوایان دا بەوەی کە ئەم پرۆسەیە نەگونجاوە، ئەوانە زۆر لە ئایینەوە دوورن، بەڵکو ئەمە راوبۆچوونی سیاسیی خۆیانە کە خزمەت بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە دەکات کە بەرگرییان لێدەکات**

پێم بڵێ ئایا گوێمان لێ بووە دامەزراوەیەکی ئایینیی کریستیان، یان جوو، یان بوزی، یان کۆنفۆشوسی، یان سیخی، یان هیندۆسی یاخود تاوی، بە نەرێنی، یان بە ئەرێنی باسی ریفراندۆمی کوردستان بکەن لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان موسڵمانیش نین؟ تەنیا لە جیهانی ئیسلامدا دامەزراوە ئایینییەکان دەبنە ئامرازێك بۆ شەرعییەتدان بە بڕیارە سیاسییەکان هەتا ئەگەر ستەمکارو نادەستووری و نایاساییش بن، لە جیهانی دواکەوتووی ئیسلامدا ئەمە روودەدات کاتێ کەسایەتییە موسڵمانە بێلایەنەکان پشتگیری لە مافی سەربەخۆیی گەلی کوردستان دەکەن، چونکە ئەوان هەر ئەوە دەڵێن کە ئایین دەیڵێت، نایانەوێت ببنە هاریکاری یاسا ستەمکارەکان دژ بە کێشەیەکی رەواو دادپەروەرانە، لەوانەش دکتۆر تاریق سوێدان و چەندانی دیکە.

جێی داخە کە تورکیا و ئێران و عێراق سێ دەوڵەتی موسڵمانن و رێککەوتوون لەسەر شەڕکردن بەرامبەر بە گەلێکی موسڵمان، ئەوان لەسەر گەمارۆی ئاسمانی و وشکانی رێککەوتن، تەنیا لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان داوای ئازادی دەکات، هەر ئەو سێ دەوڵەتە گەمارۆدانی سەر قەتەرو غەزەو رۆهینجا حەرام دەکەن! ئەوەیە دووفاقی و دووبەرەکیی جیهانی ئیسلامیی دواکەوتوو، کێشەکە لەوەدایە ئێمە کەوتووینەتە نێو ئەو سێ دەوڵەتەوە کە ئیدیعای ئیسلام دەکەن، بەڵام ئەگەر ئێمە لەنێو وڵاتانی غەیرە موسڵماندا بووینایە ئەوا هەرگیز ئەو سەد ساڵە بەو کێشانەوە نەدەتلاینەوەو بەم رۆژە نەدەگەیشتین، ئێمە پێمانوایە کە لەسەر حەقین و مافیش ئەگەر داوابکرێت هەرگیز ون نابێت، بۆیە مافی گەلی کوردستانە کە وەك دەوڵەتانی ناوچەکە دەوڵەتی خۆی هەبێت.

بۆیە هەرگیز کوردستان نابێتە فاکتەری تێکدان، بەڵکو دەبێتە فاکتەری خێرو ئاشتی و سەقامگیری، لەوەتەی ٢٥ ساڵە ئەوەی لە کوردستانتان بینیوە تەنیا خێرو هاوکاری و هەماهەنگی بووە لە هەموو بوارێکدا، ئەو خوێندنەوەیە بۆ چارەنووسی کوردستان خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، پاشان کە تۆمەتباردەکرێت بە ئیسرائیل ئەمەش هەر پرۆپاگەندەیەکی دژوارە، ئێمە لە کوردستان هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئیسرائیل نییە، ئێمە گەلێکی موسڵمانین، کوردستانیش ناوەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان مەزهەب و ئایین و نەتەوەکانە، راستە رەوەندێکی کوردی لە ئیسرائیل و لە هەندەران هەیە، ئەوانە بە زۆری زۆردارەکی کۆچباربوونە، ئەو کەسانە پشتیوانیی لە کوردستان دەکەن کە نیشتمانی خۆیانە، وەکو جووی عێراق کە هیواخوازن رۆژێك بێت بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، بۆیە کاتێ گەنجێکی کورد ئاڵایەکی ئیسرائیل بەرزدەکاتەوە مانای وا نییە کە ئەمە هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی کوردستان بێت، ئەو لەبەر ئەوە ئەو ئاڵایە بەرزدەکاتەوە چونکە دەزانێت کە کەس پشتگیریی لە کێشەکەی ناکات، بۆیە ئەگەر ئێران یان تورکیا پشتگیرییان بکردایە ئەو کات ئاڵای ئەو دەوڵەتانەی بەرزدەکردەوە، باشە ئەدی ئەوان بۆچی گازاندە لە ئێمە دەکەن تەنیا لەبەر ئەوەی چەند گەنجێکی کورد ئاڵایەك بەرزدەکەنەوە، ئەدی بۆچی بێدەنگن بەرامبەر ئەو هەموو باڵیۆزخانانەی ئیسرائیل کە بارەگایان لەنێو زۆربەی وڵاتانی موسڵماندا هەیە؟

کوردستان لەوەتەی سەد ساڵە لەو مەینەتییەدایە و تا ئێستاش بە هۆی سیاسەتی تایفەگەریی حکومەتەکانی عێراق لەوەتەی ٢٠٠٣ وە هەر لەو مەینەتییەدا بەردەوامە، ئێستا دوای ئەوەی کە کوردستان بۆتە شوێنی حەوانەوەی ئەو هەموو ئاوارانەی ناوچەکە بە تایبەتیش سوننە، دەبوایە ئەزهەر کە دامەزراوەیەکی ئاینیی سوننەیە، لەجیاتی ئەوەی بێت سوپاسی کوردستان بکات بۆ ئەو هەڵوێستەی لەهەمبەر ئەو هاووڵاتییە سوننانەی کە لەلایەن میلیشیاکانی شیعەوە ئاوارەکراون و موقتەدا سەدریش ئەوانەی بە میلیشیای بەدمۆڕاڵ ناوزەدکردوون، ئەزهەر ئەو فتوا ستەمکارە دەردەکات کە سەرپێچییە لە شەرعی خوای گەورە، بۆیە دەبینین کە ئەو میلیشیا چەکدارانە سوودیان لە بە شەرعییەتکردنی کوشتنی خەڵك و گەلی کوردستان بینیوە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کە هەندێ لە حوسەینییەکان پڕبوونە لە درووشمی تایفی و سروودو هۆنراوەی تایفەگەری کە هانی تاقمەکەی خۆیان دەدەن رق و کینەیان بەرامبەر گەلی کوردستان زیاتربێت و خوێنی کورد بڕێژن، بۆیە ئەگەر ئەزهەر بەتەنگ یەکێتیی خاکی عێراقەوە بوایە قسەیەکی حەقی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان دەکرد.

دوا وتە: هەرگیز بڕوام بە هیچ دامەزراوەیەکی ئاینی و فیکری نییە لە جیهانی ئیسلامیدا، ئامادەش نیم لە هەر شتێکدا راوێژ بە هیچیان بکەم کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی نیشتمانەکەمەوە هەبێت، چونکە دامەزراوەی ئایینین و خزمەت بە سیاسەتگەلێکی دیاریکراوی چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو دەکەن، هاوکات بە توندی دژی

**ئێمە بە ناوی ئایین کوژراین و ئاوارەبووین و ماڵمان کاول بوو، ئێستاش بەناوی ئایین لە مافی سرووشتی و دەستووری و یاسایی بێبەشمان دەکەن، ئێمە دووجار تێناکەوین، زانامان هەیە دەزانن چۆن وەڵامی فەتواو هەڵوێستە توندەکانتان دەدەنەوە، هەرچیتان لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی گوتووە، هەمووی رەتکراوەتەوە، چونکە ئەوە ئایین نییە، بەڵکو ئایینێکە خۆتان بۆ خۆتانتان دروست کردووە، تاکو ئەوەی خوا بۆی حەڵاڵ کردوون بۆ ئێمەی حەرام بکەن**

**جێی داخە کە تورکیا و ئێران و عێراق سێ دەوڵەتی موسڵمانن و رێککەوتوون لەسەر شەڕکردن بەرامبەر بە گەلێکی موسڵمان، ئەوان لەسەر گەمارۆی ئاسمانی و وشکانی رێککەوتن، تەنیا لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان داوای ئازادی دەکات، هەر ئەو سێ دەوڵەتە گەمارۆدانی سەر قەتەرو غەزەو رۆهینجا حەرام دەکەن! ئەوەیە دووفاقی و دووبەرەکیی جیهانی ئیسلامیی دواکەوتوو**

کردنەوەی هەر لقێکی ئەو دامەزراوانە دەوەستمەوە لە کوردستان، لەبەر ئەوانە تەنیا ئەو چەمکانە فێری نەوەکانمان دەکەن کە خزمەت بە بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانیان دەکەن، وەك نەتەوەی ئیسلامی، یەکێتیی ئیسلامی، برایەتیی ئیسلامی، هاریکاریی ئیسلامی، ئەوانە چەمکگەلێکی دوای سەربەخۆیی دەوڵەتەکانیانن، چونکە پێش سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتانە بە تایبەتیش دەوڵەتانی عەرەبی قسەوباس لەسەر پێویستی سەربەخۆبوونی گەلانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەبی و یەکێتیی عەرەبی هەبوو، کاتێکیش باسی کوردستان دەکرێت مێشکمان بەو چەمکە بێ ناوەڕۆکانە کاس دەکەن کە لە واقیعدا بوونیان نییە، لە راستیدا ئەو چەمکانە زۆر مەترسیدارن و هەڕەشەش لە هاووڵاتیانی کوردستان دەکەن لە رووی ئینتیمابوون بۆ نیشتمان، ئەو دامەزراوانە لە کوردستان کاردەکەن بۆ لاوازکردنی چەمکە نیشتمانی و مێژوویی و کەلتووری و شارستانییەکانی گەلی کوردستان.

من هەمیشەو پتر لە دوو دەیەیە داوای ئیسلامێکی کوردی دەکەم، ئەو کاتەش هەر بەو ناوونیشانە وتارێکم لە گۆڤاری گوڵان بڵاوکردەوە، بۆیە ئێستاش هەر داوای ئەو ئیسلامە کوردستانییە دەکەم چونکە لەئێستادا گەیشتووینەتە قۆناخێکی تازە، کە ئەویش دوای ریفراندۆمە، ئەمەش لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی بیربۆچوونەکانی دەرەوەی ئایین کە لای من وەك قوتووبەند وایە، چونکە بە ئامادەکراوییەوە لە دەرەوە پێمان دەگات، کێشەکەش لەوەدایە کە هەر خۆمان نازانین چی تێدایە، کاتێکیش دەرکمان بە ئاسەوارە مەترسیدارەکەیان کرد یەکسەر هەڵوێستی خۆمان راگەیاند، ئەوەش مانای وا نییە کە کتێب و گۆڤارو رۆژنامە قەدەغەبکرێت، چونکە من دژی ئەو هەوڵە ناشارستانییانەم، کە دژی ئازادیی فیکری و ئاینییە، بەڵام من دژی خۆبەدەستەوەدانم بەرامبەر دامەزراوە دەرەکییەکانی ئایین، بۆیە پێویستە بۆ خۆمان بێین دامەزراوەی ئایینی و فیکری دابمەزرێنین، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە توانیمان کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان دامەزرێنین تاکو لە رووی فیکری و ئایینییەوە سەرخۆ بین، هاوکات بۆ ئەوەی بۆ قۆناخی دوای دەوڵەتیش خۆمان ئامادەبکەین کە دامەزراوەگەلێکی ئایینی هەبن و هاوکار بن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تەحەددی و مەترسی و هەڕەشەکان، هەروەك چۆن ئەو دامەزراوانە لە خزمەتی دەوڵەتەکانی خۆیاندان، بەم شێوەیە ئێمەش لە خزمەتی نیشتمان و گەلەکەماندا دەبین، و راستیی ئایین و ساختەکاریی ئەو فتوایانەیان بۆ روون دەکەینەوە کە دژ بە کوردستان دەریدەکەن، ئەو هەوڵەش ئاراستەیەکە بەرەو ئیسلامی کوردستانی، هەروەکو دەبینین چۆن ئیسلامی میسری و ئەمریکی و ئەفریقی و ئەورووپی و تورکی و فارسی هەیە، بە هەمان شێوەش پێویستە ئیسلامێکی کوردستانیمان هەبێت، ئەو کاتە رزگارمان دەبێت لە کاریگەرییەکانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانیان دەکەن، هاوکات بە توندی دژی هەموو ئەو دامەزراوە ئایینیانە بوەستینەوە کە دژایەتیی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی کە ئێمە بەرەو سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی هەنگاودەنێین، لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان زانای بەتواناو بیرمەندی زیرەك و مامۆستای شارەزای لە هەموو زانستە ئیسلامییەکانی تێدایە، ئەمە وێڕای بوونی کۆلیژو پەیمانگەو قوتابخانەی ئایینی، هاوکات وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی و کۆڕبەندی هزری ئیسلامی و دامەزراوەی هەمەجۆری دیکەشمان هەیە، لەکۆنیشدا زانایانی کوردستان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی کەلتووری ئیسلامی، لەوانەش حافز عێراقی شارەزووری و ئیبن خولەکان و ئیبنولئەسیر و ئیبنو تەیمیە ئەلحەرانی و رەسعەنی و ئیبن مەسعودی عیمادی و سەیفەدین ئامەدی، لە سەردەمی نوێشدا بەشداریکردنی زانایانی کوردستان بەرچاوە وەك محەمەد سەعید بوتی و عەبدولکەریم مودەریس و دکتۆر مستەفا زەڵمی و دکتۆر محەمەد شەریف و کەسانی دیکە، ئێمە توانایەکی زۆرمان هەیە لە بوارەکانی زانستە ئیسلامییەکان لە ڕووی فیکرو کەلتوورو فەلسەفەو لۆژیکەوە، بۆیە پێویستمان بە دامەزراوەی ئایینی دەوڵەتانی دیکە نییە، بەڵێ دەتوانین کارو هەماهەنگییان لەگەڵدا بکەین بە شێوەیەك کە پارێزگاریی لە سەربەخۆیی تەواوی خۆمان بکەین، بێ ئەوەی پاشکۆی کەس بین یان لاسایی بکەینەوەو پەراوێز بخرێین، بۆیە ئەو کاتەی کە دامەزراوەی خۆمان دەبێت دەتوانین بە هەموو بوێرییەکەوە دژی هەموو ئەو کەسانە بوەستینەوە کە بە ناوی ئایینەوە فتوا دەدەن و بە ئارەزووی خۆیان حەڵاڵ و حەرام و گومڕایی و تەخوینکردن دەخەنە پاڵ گەلەکەمان و دژایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەن.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**هەرگیز کوردستان نابێتە فاکتەری تێکدان، بەڵکو دەبێتە فاکتەری خێرو ئاشتی و سەقامگیری، لەوەتەی ٢٥ساڵە ئەوەی لە کوردستانتان بینیوە تەنیا خێرو هاوکاری و هەماهەنگی بووە لە هەموو بوارێکدا، ئەو خوێندنەوەیە بۆ چارەنووسی کوردستان خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، پاشان کە تۆمەتبار دەکرێت بە ئیسرائیلی، ئەمەش هەر پرۆپاگەندەیەکی دزوارە، ئێمە لە کوردستان هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئیسرائیل نییە، ئێمە گەلێکی موسڵمانین، کوردستانیش ناوەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان مەزهەب و ئایین و نەتەوەکانە**